# الآليات العملية لاستراتيجية مكافحة الفساد(دراسة تحليلية وصفية)

**أوميد جعفر جليل**
كلية القانون والعلوم السياسية والإدارة،
جامعة سوران، أربيل، العراق
omed.jaleel@soran.edu.iq

**د. محمد شهاب محمد امين**
فاكلتي القانون والعلوم السياسة والادارة،
جامعة سوران، اربيل، العراق
mohammed.amen@law.soran.edu.iq

**الكلمات المفتاحية**: الفساد، مكافحة الفساد، استراتيجية المكافحة، الشفافية، المساءلة، الحكم الرشيد، إقليم كردستان .

**كيفية اقتباس البحث**
جليل ، أوميد جعفر ، محمد شهاب محمد امين ، الآليات العملية لاستراتيجية مكافحة الفساد(دراسة تحليلية وصفية)،مجلة مركز بابل للدراسات الانسانية، تشرين الثاني ٢٠٢٥،المجلد:١٥ ،العدد:٦ .

**هذا البحث من نوع الوصول المفتوح مرخص بموجب رخصة المشاع الإبداعي لحقوق التأليف والنشر ( Creative Commons Attribution ) تتيح فقط للآخرين تحميل البحث ومشاركته مع الآخرين بشرط نَسب العمل الأصلي للمؤلف، ودون القيام بأي تعديل أو استخدامه لأغراض تجارية.**

**مفهرسة في Indexed**
**IASJ**

**مسجلة في Registered**
**ROAD**

# (A Practical Mechanisms of the Anti-Corruption Strategy Descriptive-Analytical Study)

**Dr. Mohammed Shahab Mohammed Amin**
College of Law, Political Science and Administration, Soran University, Erbil, Iraq

**Omed Jaafar Jaleel**
Faculty of Law, Political Science and Administration, Soran University, Erbil, Iraq

**Keywords** : Corruption, Anti-Corruption, Anti-Corruption Strategy, Transparency, Accountability, Good Governance, Kurdistan Region.

**How To Cite This Article**
Jaleel, Omed Jaafar, Mohammed Shahab Mohammed Amin , Practical Mechanisms of the Anti-Corruption Strategy (A Descriptive-Analytical Study), Journal Of Babylon Center For Humanities Studies, November 2025,Volume:15,Issue 6.

**This is an open access article under the CC BY-NC-ND license (http://creativecommons.org/licenses/by-nc-nd/4.0/**

This work is licensed under a Creative Commons Attribution-NonCommercial-NoDerivatives 4.0 International License.

## Abstract
Employing a descriptive-analytical methodology, this research sheds light on the phenomenon of corruption as one of the primary challenges to good governance and sustainable development in Iraq and the Kurdistan Region. The main objective of the study is to analyze the nature of corruption and its types, and to identify the principles and practical mechanisms necessary for formulating an effective anti-corruption strategy.
The most significant findings reveal a substantial gap between legal texts and their implementation, the main causes of which are attributed to weak political will, partisan interference, and a lack of serious accountability. The research emphasizes the inverse relationship between corruption and principles such as the rule of law, transparency, and accountability. Finally, the study concludes with a set of recommendations, the most

important of which are the necessity of genuine political will, strengthening the independence of the judiciary and oversight institutions, activating the role of media and civil society, and utilizing technology to reduce bureaucracy and direct contact.

**الملخص**

اعتماداً على المنهج الوصفي التحليلي، يسلط هذا البحث الضوء على ظاهرة الفساد باعتبارها أحد التحديات الرئيسية التي تواجه الحكم الرشيد والتنمية المستدامة في العراق وإقليم كردستان. يهدف البحث بشكل أساسي إلى تحليل ماهية الفساد وأنواعه، وتحديد المبادئ والآليات العملية اللازمة لصياغة استراتيجية فعالة لمكافحته.

تكشف أبرز النتائج عن وجود فجوة كبيرة بين النصوص القانونية والتطبيق العملي، وتعود أسبابها الرئيسية إلى ضعف الإرادة السياسية، والتدخلات الحزبية، وغياب المساءلة الجادة. ويؤكد البحث على العلاقة العكسية بين الفساد ومبادئ مثل سيادة القانون، والشفافية، والمساءلة. وفي الختام، يخلص البحث إلى مجموعة من التوصيات، أهمها ضرورة وجود إرادة سياسية حقيقية، وتعزيز استقلالية السلطة القضائية والمؤسسات الرقابية، وتفعيل دور الإعلام والمجتمع المدني، والاستفادة من التكنولوجيا لتقليل الروتين والاحتكاك المباشر.

# میکانیزمە کردارییەکانی ستراتیژیەتی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی
## (توێژینەوەیەکی شیکاریی وەسفییە)

ئومید جعفر جليل
فاکەڵتی یاسا و زانستە سیاسییەکان و بەڕێوەبردن، زانکۆی سۆران، هەولێر، عێراق
omed.jaleel@soran.edu.iq
د. محەمەد شەهاب محەمەد ئەمین
کۆلێژی یاسا و زانستە سیاسییەکان و بەڕێوەبردن، زانکۆی سۆران، هەولێر، عێراق
mohammed.amen@law.soran.edu.iq

**پوختە**

ئەم توێژینەوەیە بە پشتبەستن بە میتۆدی شیکاریی وەسفی تیشک دەخاتە سەر دیاردەی گەندەڵی وەک یەکێک لە ئاستەنگە سەرەکییەکانی بەردەم حوکمڕانیی باش و گەشەپێدانی بەردەوام لە عێراق و هەرێمی کوردستاندا. ئامانجی سەرەکیی توێژینەوەکە شیکردنەوەی ماهییەتی گەندەڵی، جۆرەکانی، و دەستنیشانکردنی ئەو بنەما و میکانیزمە کردارییانەیە کە بۆ داڕشتنی ستراتیژییەتێکی کاریگەر بۆ بەرەنگاربوونەوەی پێویستن.

گرنگترین دەرەنجامەکان ئەوە دەردەخەن کە کەلێنێکی گەورە لە نێوان دەقە یاساییەکان و جێبەجێکردنیدا بوونی هەیە، کە هۆکارە سەرەکییەکانی دەگەڕێتەوە بۆ لاوازیی ئیرادەی سیاسی، دەستێوەردانی حیزبی و نەبوونی لێپرسینەوەیەکی جددی. توێژینەوەکە جەخت لەسەر پەیوەندییە پێچەوانەکەی نێوان گەندەڵی و بنەماکانی وەک سەروەریی یاسا، شەفافیەت و لێپرسینەوە دەکاتەوە. لە کۆتاییدا، توێژینەوەکە بە کۆمەڵێک ڕاسپاردە کۆتایی دێت، کە گرنگترینیان پێویستیی بوونی ئیرادەیەکی سیاسیی ڕاستەقینە، بەهێزکردنی سەربەخۆیی دەسەڵاتی دادوەری و دامەزراوەکانی چاودێری، چالاککردنی ڕۆڵی میدیا و کۆمەڵگەی مەدەنی، و سوودوەرگرتنە لە تەکنەلۆژیا بۆ کەمکردنەوەی ڕۆتین و بەریەککەوتنی ڕاستەوخۆ.

کلیلە وشەکان: گەندەڵی، بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی، ستراتیژیەتی بەرەنگاربوونەوە، شەفافیەت، لێپرسینەوە، حوکمڕانیی باش، هەرێمی کوردستان.

**پێشەکی**

گەندەڵی وەک دیاردەیەکی جیهانیی فرەڕەهەند و ئاڵۆز، یەکێکە لە گەورەترین ئاستەنگەکانی بەردەم گەشەی سیاسی، ئابووری، و کۆمەڵایەتیی وڵاتان. ئەم دیاردەیە تەنها بریتی نییە لە چەند کردارێکی لادەرانەی تاکەکەسی، بەڵکو سیستەمێکە کە دەتوانێت پایەکانی دەوڵەت و متمانەی گشتی بە دامەزراوەکان دابڕزێنێت. کاریگەرییە نەرێنییەکانی گەندەڵی لە لاوازکردنی سەروەریی یاسا، بەهەدەردانی سامانی گشتی، تێکدانی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی، و بڵاوکردنەوەی کولتوری نایەکسانیدا بەرجەستە دەبێت.

لەبەر مەترسیی ئەم دیاردەیە، کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و یاسادانەرە نیشتمانییەکان هەوڵێکی زۆریان داوە بۆ دانانی چوارچێوەی یاسایی و دامەزراوەیی پتەو بە مەبەستی ڕووبەڕووبوونەوە و بنبڕکردنی. هەرێمی کوردستانیش وەک بەشێک لەم سیستەمە، لە ڕێگەی دەرکردنی چەندین یاسا و دامەزراندنی دەستەی تایبەتمەندەوە، هەنگاوی ناوە بۆ بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی.

ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکە بۆ تیشک خستنە سەر ماهییەتی گەندەڵی لە ڕوانگەی یاسایی، ئابووری، و کارگێڕییەوە، لەگەڵ شیکردنەوەی ئەو میکانیزم و ڕێکارانەی کە دەکرێت ببنە بنەمایەکی کاریگەر بۆ چارەسەرکردن و کەمکردنەوەی ئەم پەتایە.

**کێشەی توێژینەوە (إشكالية البحث)**

سەرەڕای بوونی چوارچێوەی یاسایی و دامەزراوەی تایبەتمەند بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی لە هەرێمی کوردستان و عێراقدا، بەڵام ئەم دیاردەیە هێشتا بە شێوەیەکی بەرچاو بوونی هەیە و وەک ئاستەنگێکی گەورە لە بەردەم پرۆسەی حوکمڕانیی باش و گەشەپێدانی بەردەوامدا دەبینرێت. کەلێنێکی بەرچاو لە نێوان دەقە یاساییەکان و واقیعی جێبەجێکردندا بوونی هەیە.

لێرەوە، کێشەی سەرەکیی توێژینەوەکە لەم پرسیارە بنەڕەتییەدا کورت دەبێتەوە، ئایا گرنگترین بنەما و میکانیزمی کرداری بۆ بەرەنگاربوونەوە و چارەسەرکردنی دیاردەی گەندەڵی چین؟

ئەم کێشە سەرەکییە چەندین پرسیاری لاوەکی لێدەکەوێتەوە:

١.ماهییەتی گەندەڵی چییە و چۆن لە ڕوانگە جیاوازەکانەوە پێناسە دەکرێت؟

٢.گرنگترین جۆر و شێوازەکانی گەندەڵی کامانەن کە لە سیستەمی کارگێڕی و داراییدا بوونیان هەیە؟

٣.بنەما سەرەکییەکانی ستراتیژییەتێکی سەرکەوتوو بۆ چارەسەرکردن و ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی چین؟

٤.کاریگەرترین ڕێگا و میکانیزمە کردارییەکان بۆ کەمکردنەوە و نەهێشتنی گەندەڵی کامانەن؟

**ئامانجی توێژینەوە (أهداف البحث)**

ئەم توێژینەوەیە چەند ئامانجێکی سەرەکی هەیە، کە بریتین لە:

١.تیشک خستنە سەر چەمکی گەندەڵی و پێناسە جیاوازەکان بە مەبەستی تێگەیشتن لە سروشتەکەی.

٢.دیاریکردنی جۆرە سەرەکییەکانی گەندەڵی و ڕوونکردنەوەی سروشت و کاریگەرییەکانیان.

٣.شیکردنەوەی ئەو بنەما و پایە سەرەکییانەی کە بۆ هەر هەوڵێکی ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی پێویستن.

٤.خستنەڕووی کۆمەڵێک میکانیزم و ڕێکاری کرداری و پێشنیارکردنیان وەک نەخشەڕێگایەک بۆ داڕشتنی ستراتیژییەتێکی کاریگەرتر بۆ بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی لە عێراق و هەرێمی کوردستاندا.

**گرنگیی توێژینەوە (أهمية البحث)**

گرنگیی ئەم توێژینەوەیە خۆی دەبینێتەوە لە **گرنگیی کرداری (العملية)** کە سوودیان هەیە بۆ لایەنە پەیوەندیدارەکان، وەک دەسەڵاتی یاسادانان (پەرلەمان) لە کاتی پێداچوونەوە بە یاساکانی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی، دەسەڵاتی جێبەجێکردن (حکومەت) لە کاتی داڕشتنی سیاسەتی گشتی و چاکسازیی کارگێڕی و دەستەی دەستپاکی و دامەزراوەکانی چاودێری بۆ بەهێزکردنی میکانیزمەکانیان. هەروەها، پارەتیدەر دەبێت لە بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاریی گشتی سەبارەت بە مەترسییەکانی گەندەڵی.

**میتۆدی توێژینەوە (منهجية البحث)**

بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی توێژینەوەکە، پشت بە میتۆدی شیکاری وەسفی (المنهج التحليلي الوصفي) بەستراوە. لە ڕێگەی ئەم میتۆدەوە، دیاردەی گەندەڵی وەسف دەکرێت، پێناسە و جۆرەکانی دەخرێنەڕوو، پاشان ئەو دەقە یاسایی و ڕێنمایی و ستراتیژییە نیشتمانی و نێودەوڵەتییانەی کە پەیوەستن بە بابەتەکەوە، شیدەکرێنەوە. هەروەها، سوود لە میتۆدی بەراوردکاری (المنهج المقارن) وەرگیراوە بە شێوەیەکی سنووردار.

**پلانی توێژینەوە (خطة البحث)**

مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٥ المجلد ١٥/ العدد ٦

پلانی ئەم توێژینەوەیە بە شێوەیەکی گشتی، لە دوای پێشەکی توێژینەوەکە دابەش کراوە بەسەر دوو تەوەرەی سەرەکیدا. تەوەری یەکەم باس لە ناساندنی گەندەڵی دەکات، کە لە لقی یەکەمدا پێناسەی زمانەوانی و زاراوەیی گەندەڵی دەکات، پاشان لە لقی دووەمدا جۆرە جیاوازەکانی وەک گەندەڵی کارگێڕی، دارایی، سیاسی و یاسایی دەخاتەڕوو. تەوەری دووەم تەرخان کراوە بۆ "بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی"، کە لە لقی یەکەمدا بنەما سەرەکییەکانی چارەسەرکردن وەک لێپرسینەوە، شەفافیەت و سەروەریی یاسا شیدەکرێنەوە، لە لقی دووەمیشدا باس لە میکانزم و ڕێکارە کردارییەکانی بەرەنگاربوونەوە گەندەڵی دەکات، لە کۆتاییشدا، توێژینەوەکە بە بەشی ئەنجامگیریی کۆتایی دێت، کە پوختەیەک لە گرنگترین دەرەنجامەکان و کۆمەڵێک ڕاسپاردەی کرداریی لەخۆ دەگرێت.

**تەوەریی یەکەم:**

**ناساندنی گەندەڵی (ماهيه الفساد)**

گەندەڵی دیاردەیەکی دێرین و بەربڵاوی جیهانییە(علي عبد المطلب صادق، ٢٠٢٤: ٢٣٦)، پەیوەست نییە بە سەردەم و شوێنێکی دیاریکراوەوە( مريوان صابر حمد، ٢٠١٢: ٩)، هیچ کۆمەڵگا و وڵاتێک لێی بەدەر نییە، بەڵام کێشەکە لە بوونی گەندەڵیدا نییە، بەڵکو لە ڕادە و ڕێژەی بڵاوبوونەوەیەتی کە پرۆسەی گەشەسەندن دەخاتە مەترسییەوە و کاریگەری نەرێنی لەسەر کۆمەڵگا و هەڵسوکەوتی تاکەکان دروست دەکات(وحيد أحمد عيسى، ٢٠١٣: ٤)، کە لاوازی چاودێری حکومەت و بڵاوبوونەوەی خووی خراپی کۆمەڵایەتی هۆکاری سەرەکین(أيمن ثابت عبد الربيعي، ٢٠١٩: ١٨٨). بۆ تێگەیشتن لە چەمکی گەندەڵی ئەم تەوەرە دابەش دەکرێت بەسەر بە دوو لقی سەرەکیدا، کە پێویستە سەرەتا پێناسەی گەندەڵی بکەین و پاشان جۆرەکانی لە کۆمەڵگادا دیاری بکەین.

**لقی یەکەم:**

**پێناسەی گەندەڵی (تعريف الفساد)**

سەرەتا گەندەڵی وشەیەکی کوردییە، لە زمانە جۆراوجۆرە بیانییەکاندا فرە مانا و واتای جیاواز هەیە (فريال مغربی، ٢٠١٩: ١٣)، لەدەستەواژەی "Rumper" لاتینییەوە وەرگیراوە، کە بەواتای شکاندن دێت. لەزمانی عەرەبیدا وشەی (الفساد) و لەزمانی ئینگلیزیشدا وشەی (Corruption) هاومانایی وشەی گەندەڵیە(گەیلان عەباس، ٢٠٢١: ٥). دەستەواژەی گەندەڵی تازەیە و

هێشتا ئەو مانایە نابەخشێ کە لە زمانەکانی تردا دەیبەخشێ(حامد حاجی قادر، ٢٠١٢: ١٢)، بۆ ئەوەی بگەینە مانایی چەمکی ڕاستەقینەی گەندەڵی، پێویستە سەرەتا پێناسەی زمانەوانی و دەستەواژەی بکەین.

**یەکەم: پێناسەی گەندەڵی لە ڕووی زمانەوانییەوە:**

گەندەڵی لە دەستەواژەی(گەندەڵ) وەرگیراوە(حامد حاجی قادر، ٢٠١٢: ١٢)، لەزمانەوانیدا زۆر واتای هەیە، بە هەر هەڵسوکەوتێک دەوترێت کەگرفت دروست دەکات و زیانێکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ بەتاک و کۆمەڵ یان کۆمەڵگە دەگەیەنێت، جا ئەو زیانە مادی بێت یان مەعنەوی(علی قەرەداغی، ٢٠١١: ٥٧).

زاراوەی گەندەڵی لەزمانی کوردیدا بەمانایی 'گەنە، گەنیو، ڕزیو، شیبوونەوە، دارڕزین' دێت، سەرەتا مانایی "گەنە" جۆرە مێشخۆرێکە بە جەستەی ئاژەڵان دەنوسێت پێوەیانەوە دەدات، توشی نەخۆشی و لاوازی دەکات(گەیلان عەباس، ٢٠٢١: ٥)، بەڵام مانای دەستەواژەی "گەنیو– ڕزیو" وەک تێکچوونی خۆراک، کە کەلکی خواردن نامێنێت(احمد محمود نهار، ٢٠١٠: ١٣)، هەرچی مانایی دەستەواژەی "دارڕزین" بەو دارە دەوترێت کە کرم و مێرو لێیداوە و دەمار و ناوقەدەکەی خواردووە و توشی نەخۆشی بێبەری کردووە(حامد حاجی قادر، ٢٠١٢: ١٢)، دوای ماوەیەک دایدەڕزێنێت و کەڵکی نامێنێت، وردە وردە دارەکە دوچاری لەناوچوون دەکاتەوە(گەیلان عەباس، ٢٠٢١: ٥)، کەئەمەش هەمان سیفەتی کەسیاتی گەندەڵە، کۆمەڵگا و وڵات توشی نەخوشی دەکات تا لە ڕادەی لەناوچوون. لە کوتایدا پێناسەی زمانەوانی گەندەڵی دوورە لە نیازپاکی و دەستپاکی کە بەرگێکی خراپی پۆشیوە هیچ مانایەکی باشی نییە(إبراهيم الب خطري، ٢٠٢١: ٣٢٢).

**دووەم: پێناسەی گەندەڵی لە ڕووی دەستەواژەوە:**

پێناسەی گەندەڵی بابەتێکە تاکوو ئێستایش جێگەی سەرنج و گفتوگۆی توێژەران و زانایانە، کە تا ئەم ساتەش لایەنەکان یەک دەنگ نین لەسەر پێناسەیەکی گشتگیر و هەمەلایەن بۆ گەندەڵی، چونکە هەریەکەیان لەو گۆشەنیگایەوە لێی دەڕوانن کە پسپۆڕن تێیدا، ڕوایەتییان داوە بە جیاوازیی پێناسەکردنی گەندەڵی(هند محمود حميد،٢٠١٩: ٣٩٠).

**لە ڕەوانگەی فیقهییەوە:** هەندێکیان گەندەڵییان بەم شێوەیە پێناسەکردووە: "ڕەفتارێکی نەرێنی و خراپی پیشەیە، بە ئامانجی بەدەستەێنانی سوودێکی ناڕەوا، کە لادانە لە سیستەمی یاسایی لە پێناو بەرژەوەندیی کەسی"(عبدالكريم سعد إبراهيم، ٢٠٠٣: ٢١). بەڵام بەبوچونی

(ساموێل هەنتینگتۆن – Samuel Huntington)، گەندەڵی بریتییە لە: "هەڵسوکەوتی بەرپرسانی گشتیی حکوومەت کە لە بنەما پەسەندکراوەکان لادەدەن بۆ خزمەتکردنی ئامانجە تایبەتەکان"(Samuel Huntington، ترجمة: حسام نایل،: ٨٥). لێرەدا ساموێل پێی وایە گەندەڵی زیاتر لەو وڵاتانەدا بڵاودەبێتەوە کە کۆمەڵگاکەیان بەرژەوەندیی تایبەتی و خێڵ و عەشیرەتگەری تێیدا زیاتر باڵادەستە(بڵند دلێر، ٢٠٢٣: ١٣).

**لە ڕوانگەی نێودەوڵەتییەوە:** گەندەڵی پێش ئەوەی لە رووی یاساییەوە پێناسە بکرێت، لەلایەن زۆرێک لە دەزگا و ڕێکخراو و ئۆرگانە نێودەوڵەتییەکانەوە دانپێدانراوە و پێناسەکراوە، وەک؛ بانکی جیهانیی نێودەوڵەتی لەسەر ئەم پێناسەیە جێگیر بووە کە گەندەڵی بە "خراپ بەکارهێنانی پۆستی گشتی بۆ قازانجی تایبەت" پێناسە دەکات(world bank, 1997: 8). ئەم پێناسەیە بووەتە بنەمایەک بۆ زۆربەی ئەو پێناسانەی لەلایەن زۆرێک لە ڕێکخراو و ئۆرگانە نێودەوڵەتییەکانەوە کراون(فریال مغربیی، ٢٠١٩: ٢٠). سەرەڕای ئەمەش، ئەم پێناسەیە ڕەخنەی زۆری لێدەگیرێت لەسەر بنەمای ئەوەی کە گەندەڵی لە چوارچێوەی حکوومەت و کەرتە گشتییەکاندا تەسک دەکاتەوە(الإستراتيجية الوطنية لمكافحة الفساد مصر، ٢٠١٤ : ٢). سەرەڕای ئەمە، ڕێکخراوی شەفافیەتی نێودەوڵەتی چەند جارێک پێناسەی گەندەڵیی کردووە. لە پێناسەیەکی جیاوازدا پێی وایە گەندەڵی: "ئەو ڕەفتارەیە کە بەرپرسانی هەردوو کەرتی گشتی و تایبەت ئەنجامی دەدەن، جا سیاسی بن یان فەرمانبەری شارستانی، بە مەبەستی دەوڵەمەندکردنی خۆیان یان کەسوکاریان بە شێوەیەکی نایاسایی، لە ڕێگای خراپ بەکارهێنانی ئەو دەسەڵاتەی پێیان سپێردراوە"(حاجة عبد العالي، ٢٠١٣: ٢٣)، هەروەها سندوقی دراوی نێودەوڵەتی پێناسەی گەندەڵی دەکات بەوە "پەیوەندییەکی درێژخایەنی بەئەنقەستە، کە ئامانج لێی سوودمەندبوونە لە ڕەفتاری کەسێک یان گرووپێک کە پەیوەندییان بە کەسانی دیکەوە هەیە"(عبدالحق طير، عقبة ريمي و بولرباح غريب، ٢٠١٩: ١٠٨).

**لە ڕوانگەی یاساوە:** لە چوارچێوەی ڕێککەوتنامە نێودەوڵەتیەکاندا یاسا نیشتیمانییەکان گەندەڵی بە تاوان هەژمار دەکرێت و ئەنجام دەری ئەو کارە بەتاوانبار دەناسێنرێت، بەو پێیەش یاسادانەران پێناسەی 'تاوانی گەندەڵی'یان کردووە نەک گەندەڵی. سەبارەت بە هەڵوێستی یاسادانەریی کوردستان لە یاسای ژمارە ٧ی ساڵی ٢٠١٤، یاسای هەمواری یەکەمی یاسای دەستەی گشتیی دەستپاکی لە هەرێمی کوردستان – عێراق، ژمارە ٣ی ساڵی

٢٠١١، له مادده‌ی ٢ برگه‌ی حه‌وته‌م، پێناسه‌ی تاوانی گه‌نده‌ڵیی کردووه، نه‌ک خودی گه‌نده‌ڵی.١ به‌ڵام له‌ ده‌سته‌ی ده‌سپاکی له‌ ڕێنمایی ڕه‌فتاری پیشه‌یی بۆ فه‌رمانبه‌رانی که‌رتی گشتیدا، پێناسه‌ی گه‌نده‌ڵی کردووه به‌وه‌ی گه‌نده‌ڵی بریتییه له‌: "هه‌موو کارێک یان ڕێگریکردن له‌ کارێک که ببێته هۆی خراپ به‌کاره‌ێنانی ده‌سه‌ڵات و پله‌ و پایه‌ی فه‌رمانبه‌رێتی به‌ مه‌به‌ستی به‌ده‌ستهێنانی به‌رژه‌وه‌ندیی تایبه‌ت، ماددی بێت یان مه‌عنه‌وی، بۆ خودی فه‌رمانبه‌ری گشتی یان بۆ که‌سێکی تر". جیا له‌وه‌، ده‌سته‌ی ده‌سپاکی له‌ ستراتیژیی نیشتمانیی ڕووبه‌ڕووبوونه‌وه‌ی گه‌نده‌ڵی له‌ هه‌رێمی کوردستان (٢٠١٧–٢٠٢١)دا، به‌ شێوه‌یه‌کی گشتی گه‌نده‌ڵی به "خراپ به‌کاره‌ێنانی شوێن و ده‌سه‌ڵاتی گشتی بۆ سوودی تایبه‌تی" پێناسه‌ ده‌کات. به‌ڵام هه‌ڵوێستی یاسادانه‌ریی عێراق له‌ برگه‌ی (أ)ی مادده‌ی (١)ی یاسای ده‌سته‌ی ده‌ستپاکی فیدراڵی و ده‌ستکه‌وتی ناڕه‌وا، ژماره‌ (٣٠)ی ساڵی ٢٠١١ (هه‌موارکراو) ده‌رده‌که‌وێت، که ئاماژه‌ به‌ کێشه‌ی (قضية)ی گه‌نده‌ڵی ده‌کات. دواتر له‌ برگه‌ی (ب)دا باس له‌و تاوانانه ده‌کات که‌ قضیه‌ی گه‌نده‌ڵی له‌خۆده‌گرن، که دابه‌شی کردووه به‌سه‌ر تاوانه‌کانی گه‌نده‌ڵی و تاوانه‌کانی به‌رتیلدا.٢

**لقی دووه‌م:**

**جۆره‌کانی گه‌نده‌ڵی (أنواع الفساد)**

گه‌نده‌ڵی چه‌ندین جۆر و شێوه‌ی هه‌یه‌، چونکه‌ به‌رده‌وام له‌ گۆڕان و نوێگه‌ریدان، بۆیه پەیوه‌ندییه‌کی ڕوون و به‌رچاو له‌ نێوان هه‌موو شیاندا هه‌یه‌، شێوه‌کانیشیان وه‌ک یه‌ک ده‌رده‌که‌ون و تێکه‌ڵاون، ئه‌مه‌ش وا ده‌کات جیاوازی له‌ نێوانانیاندا له‌ زۆر بواردا قورس بێت، بۆیه ئه‌سته‌مه جیاوازیی له‌ نێوانیاندا بکرێت(أحمد، شريهان ممدوح حسن، ٢٠١٨: ٨؛ حاحة عبد العالي، ٢٠١٣: ٢٦؛ وحيد احمد عيسى، ٢٠١٣: ٢١؛ سردار كاكة، ٢٠٢٦: ٨٢؛ بلقيس محمد و صلاح حسن، ٢٠٢٢: ٣٦٠)، به‌م هۆیه‌وه گه‌نده‌ڵی به‌سه‌ر کۆمه‌ڵێک جۆردا دابه‌شکراوه‌، دیارترینیان بریتین له‌:

**یه‌که‌م: گه‌نده‌ڵی کارگێڕی**

ئه‌م دیارده‌یه‌ کۆمه‌ڵێک ڕه‌فتار و کرده‌وه‌ی لادرانه‌یه له‌ یاسا و ڕێساکانی کارگێڕی که فه‌رمانبه‌ران یان به‌رپرسان (که‌رتی گشتی – تایبه‌ت) له‌ چوارچێوه‌ی ئه‌رک و ده‌سه‌ڵاته‌کانیاندا ئه‌نجامی ده‌ده‌ن(عمر گۆڵپی، ٢٠١٤: ٣٨ ؛ فريال مغربي، ٢٠١٩: ٣٦). ئه‌م لادانانه پێشێلکردنی یاسا، ڕێنمایی، ڕێکاره‌ کارگێڕییه‌کان و به‌ها پیشه‌یی و کۆمه‌ڵایه‌تییه‌کان ده‌گرێته‌وه(حاحة عبد العالي، ٢٠١٣: ٣٠؛ سناء محمد، ٢٠٢٠: ١١٩). گه‌نده‌ڵی کارگێڕی

بە چەندین شێوە و ڕێگەی جیاواز دەردەکەوێت. دیارترینیان بریتین لە: وەرگرتن یان داواکردنی بەرتیل لە بەرامبەر ئەنجامدانی کارێکی نایاسایی یان ڕاییکردنی مامەڵەیەک بە شێوەیەکی نادروست(بڵند دلێر، ٢٠٢٣: ٢٠؛ وحيد احمد عيسى، ٢٠١٣: ٢٤). هەروەها، واستەکاری و خزمخزمێنە لە دامەزراندن و پێدانی پلە و پۆست بە کەسانی ناشایستە لەسەر حیسابی کەسانی شایستەتر(علي سعدي و أحمد عبدالجبار، ٢٠٢١: ٢٣ ؛ گەیلان عەباس، ٢٠٢١: ١٢). جگە لەوانە، بێباکی و کەمتەرخەمی لە جێبەجێکردنی ئەرکەکان و ئاشکراکردنی نهێنی پیشەیی و ساختەکاری لە بەڵگەنامەکان. هەمووی ئەمانە نموونەی زیندووی ئەم دیاردەیەن. کاریگەرییەکەی دەبێتە هۆی لەناوچوون و لاوازبوونی توانای کارگێڕی و دارایی ئابووری وڵات(حيدر طالب، رحيم حسن و بلال عبدالحي، ٢٠٢١: ٤١؛ رحيمة يونس و الشارق صالح، ٢٠٢٤: ١٥٥؛ عادل بن أحمد، ٢٠٢١: ١٢٢؛ بلقيس محمد و صلاح حسن، ٢٠٢٢: ٣٦٢).

**دووەم: گەندەڵی دارایی**

ئەگەرچی ئامانجی هەندێک جۆری گەندەڵی لەوانەیە هەوڵدان بێت بۆ بەدەستهێنانی تایبەتمەندییەک یان سوودێکی نامادی، بەڵام ئامانجی سەرەکیی گەندەڵی دارایی بەدەستهێنانی پارەیە(احمد سامي مرهون، ٢٠٢٢: ٢٤). زۆربەی کات خۆی لە دزینی پارەی دەوڵەت بە شێوەی جیاجیا لەلایەن بەرپرس و فەرمانبەرانی گشتییەوە لە چوارچێوەی ئەرکەکانیاندا ئەنجام دەدرێت، بە بەکارهێنانی پۆست و پێگە و دەسەڵاتەکانیان بە شێوەیەکی نادروست(دلخواز إسماعيل عزيز، ٢٠١٥: ٦٦؛ مها بهجت يونس، ٢٠١٩: ٩ ؛ سناء محمد، ٢٠٢٠: ١١٩ ؛ رحيمة يونس و الشارق صالح، ٢٠٢٤: ١٥٥). بۆیە گەندەڵی دارایی بریتییە لە پێشێلکردنی یاسا، بنەما، بڕیار و ڕێنماییە داراییانەی کە کاروباری دارایی و کارگێڕی لە دەوڵەت و دامەزراوەکاندا ڕێکدەخەن، دەبێتە هۆی بەهەدەردان و گواستنەوەی سامانی گشتی و کەمبوونەوەی متمانەی هاووڵاتییان بە دامەزراوە داراییەکان(عمر گۆڵپی، ٢٠١٤: ٣٧ ؛ بڵند دلێر، ٢٠٢٣: ٢٠ ؛ بلقيس محمد و صلاح حسن، ٢٠٢٢: ٣٦٢ ؛ حيدر طالب، رحيم حسن و بلال عبدالحي، ٢٠٢١: ٤١ ؛ فريال مغربي، ٢٠١٩: ٣٥ ؛ وحيد احمد عيسى، ٢٠١٣: ٢٤ ؛ حاجة عبد العالي، ٢٠١٣: ٣٠ ؛ سردار كاكة، ٢٠١٦: ٨٥؛ عادل بن أحمد، ٢٠٢١: ١٢٢ ؛ بڵند دلێر، ٢٠٢٣: ٢١).

گەندەڵی دارایی ڕەهەندێکی فراوانی هەیە و لە چەندین شێوەدا دەردەکەوێت، دیارترینیان بریتین لە: دزینی داهاتی گشتی، بەهەدەردانی بودجە، تێپەڕاندنی دەسەڵاتە داراییەکان،

خەرجیيە ڕواڵەتییەکـان، جێبەجێنەکردنـی یاسـاکانی بـودجەی گشـتیی دەوڵەت لە هەردوو لایەنـی داهـات و خەرجیدا، خۆدزینـەوە لە گەرەنتییە داراییەکـان (وەک پـێدانـی قەرز بـێ گەرەنتـی)، و کـۆنترۆڵنەکردنـی جووڵەی سـەرمایەی وڵات(عثمـان تـالوتي، ٢٠٢١: ٢٣٧ ؛ أيمن ثابت، ٢٠١٩: ١٩٣ ؛ حيدر طالب، رحيم حسن و بـلال عبدالحي، ٢٠٢١: ٤١ ؛ فـريال مغربي، ٢٠١٩: ٣٥ ؛ وحيد احمد عيسى، ٢٠١٣: ٢٤ ؛ حاجة عبد العالي، ٢٠١٣: ٣٠ ؛ سردار كاكة، ٢٠١٦: ٨٥). لە کـۆتاییدا، گەندەڵی دارایی بەهۆی دروستکردنی ناهاوسەنگیی دارایی و زیادکردنی هەژارییەوە، کەشێکی گونجاو بـۆ سـەرهەڵدانی تـاوان و گەندەڵیی تـر دروست دەکات.

**سێیەم: گەندەڵی ڕامیاری(سیاسی)**

گەندەڵی سیاسی بریتییە لە بەکارهێنانی هێز بـۆ گەیشتن بە ئامانجێک کە تەواو جیاوازە لەو ئامـانجەی دەسـەڵاتەکە لەسـەر بنەمـای بەخشـراوە، کە ئەمەش پـێی دەگـوترێت خـراپ بەکـارهێنـانی دەسـەڵات(سـردار كاكـة، ٢٠١٦: ٧٧). کە ئەمەش لادانە لە ڕێبـازی دروسـتی کاری سیاسی و پـێشێلکردنی یاسا و ڕێساکانی پەیوەست بە دامەزراوەکانی دەوڵەتە(احمد سامي مرهون، ٢٠٢٢: ٢٤ ؛ سناء محمد، ٢٠٢٠: ١١٩).

بـواری سیاسـەت بە یەکـێک لە فراوانتـرین ئەو بـوارانە دادەنـرێت کە گەنـدەڵی تـێیـدا بەربڵاوە، چـونکە بـڕیاربەدەسـت ئەو کەسـەیە کە چارەنووسـی خەڵک لە ڕووی دارایـی، کولتووری، و پەروەردەییەوە کـۆنترۆڵ دەکات. ڕاگەیاندن و میدیا لە ژێر ئاراستەی ئەودایە، و ئەو مەنـهەج، یاسـا، ئـابووری و ئیـدارەیەی کە کـۆمەڵگا بەڕێوەدەبەن، هەمـووی لە ژێر کـۆنترۆڵی ئەودایە(حاجة عبد العالي، ٢٠١٣: ٢٩).

ئەم گەنـدەڵـیيە تەنهـا حکـومەت و دەسـەڵاتـی جێبەجێکـار نـاگرێتەوە، بەڵـکـو هەمـوو جومگەکـانی بـاڵای دەوڵەت، وەک: وەزارەت، پەرلەمـان، دادگـا، و دامەزراوەی سـەربازی دەگرێتەوە(جواد رضا، ٢٠١٨: ١٣٠). هەرچەندە هیچ وڵاتێک لێی بێبەری نییە، بەڵام لێکـۆڵـینـەوە لەسـەری کـارێکـی ئاسـان نـیـیە بەهۆی دەسـەڵات و پـارێزبەنـدیی ئەنجامدەرانییەوە(بلقيس محمد و صلاح حسن، ٢٠٢٢: ٣٦٠).

**چوارەم: گەندەڵی ئابووری**

گەندەڵی ئابووری بریتییە لە 'قۆستنەوەی دەسەڵات بە ئامانجی مسۆگەرکردنی سوود و قازانج بـۆ بەرژەوەندیی خودی کەسەکە یان لایەنێکی تر'. ئەم دیاردەیە لە بەفیڕۆدانی ئەو پارانەدا دەردەکەوێت کە بـۆ پـڕۆژە گرنگەکانی وەبەرهێنان و ژێرخانی ئابووری دانراون. گەندەڵی

ئابووری پەیوەندیی هەیە بە داهاتی تاکەوە، داهاتی بەرز پاڵنەری گەندەڵی کەمدەکاتەوە، بەڵام داهاتی کەم لەوانەیە تاک ناچار بکات بۆ پڕکردنەوەی پێداویستییەکانیان، پەنا بۆ ڕێگەی نایاسایی ببەن(رحيمة يونس و الشارق صالح، ٢٠٢٤: ١٥٥). بۆیە، ئەم جۆرە گەندەڵییە لە زۆر شێوەدا دەردەکەوێت، وەک: گەندەڵی و ساختەکاریی بازرگانان، یاریکردن بە نرخ لە ڕێگەی دروستکردنی قەیران لە بازاڕدا(جمال محمد معاطي،٢٠١٩: ٣٩؛ ئەژی ولي، ٢٠٢٣: ١٤ ؛ محمود محمد معابرة، ٢٠١١: ٨١ ؛ بڵند دلێر، ٢٠٢٣: ١٩) . هەروەها، تاوانی سپیکردنەوەی پارە یەکێکە لە دیارترین تاوانە ئابوورییەکان کە بە شێوەیەکی بەرفراوان بڵاوبووەتەوە و کاریگەریی نەرێنی لەسەر ئابووریی وڵاتان هەیە. بەهۆی گرنگی و مەترسییەکەیەوە، زۆرێک لە ڕێکخراوە حکوومی و ناحکوومییەکان گرنگی پێدەدەن و بە یەکێک لە شێوە سەرەکییەکانی تاوانی ڕێکخراو دادەنرێت(مها بهجت يونس، ٢٠١٩: ٩).

**پێنجەم: گەندەڵی ڕەوشتی و کۆمەڵایەتی**

گەندەڵی کۆمەڵایەتی بریتییە لە کردار و ڕەفتاری دژ بە بەها و نەریتە پەسەندکراوەکانی کۆمەڵگە؛ وەسفێکی شەرمەزارکەرە بۆ هەڵسوکەوتی نادروست کە لە ئەنجامی ڕووخانی بەها کۆمەڵایەتی و خێزانییەکانەوە سەرهەڵدەدات(بشاير غنام الديكان، ٢٠٢٠: ٦٤٩). ئەم دیاردەیە لە کەمبوونەوەی هەستی نیشتمانپەروەری، وەفا، دڵسۆزی و خۆشەویستیی کاردا دەردەکەوێت، لە کاتێکدا بێباکی، نەبوونی ئەخلاق و خیانەت زیاد دەکەن، کە کاریگەریی نەرێنی لەسەر کۆمەڵگە دروست دەکات(بلبال حسناوي و زواو ضياء الدين، ٢٠١٩: ٣٢). گەندەڵی ڕەوشتی، کە جۆرێکە لە گەندەڵی کۆمەڵایەتی، بریتییە لەو کردار و هەڵسوکەوتانەی مرۆڤ کە پێچەوانەی ئاکار و ڕەوشتن(بڵند دلێر، ٢٠٢٣: ١٨). ئەم جۆرە زیاتر ئاماژەیە بە لادانە ڕەوشتی و ڕەفتارییەکانی پەیوەست بە فەرمانبەری گشتی و تاکەکەس، وەک: ئەنجامدانی کاری ناشایستە لە شوێنی کار، پەیڕەوکردنی خزمخزمێنە و لایەنگری بەبێ ڕەچاوکردنی لێهاتوویی و دەستپاکی(سردار كاكة، ٢٠١٦: ٨٧).

**شەشەم: گەندەڵی یاسایی**

گەندەڵی یاسایی بریتییە لە خراپ بەکارهێنانی پرۆسەی یاسادانان، جا چ لە ڕێگەی دارشتن و پەسەندکردنی یاسای نوێوە بێت یان دەستکاریکردنی یاسا و ڕێسا کارپێکراوەکان، بە ئامانجی خزمەتکردنی بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی سیاسەتمەداران یان گرووپە دەسەڵاتدارەکان، لەسەر حیسابی بەرژەوەندیی گشتی. ئەمە کاتێک ڕوودەدات کە بڕیاربەدەستان، لەڕێی

بەرتیل یان پلەوپایەوە، کاریگەری لەسەر ئەندامانی پەرلەمان دروست دەکەن بۆ دەرکردن، هەڵوەشاندنەوە، یان هەموارکردنەوەی یاسایەک بە قازانجی لایەنێکی دیاریکراو(حيدر طالب، رحيم حسن و بلال عبدالحي، ٢٠٢١: ٤٣).

لە بنەڕەتدا، یاسا و گەندەڵی دوو جەمسەری دژبەیەکن و پەیوەندییەکی پێچەوانە لە نێوانیاندا هەیە؛ بە جۆرێک لە هەر شوێنێک یاسا سەروەر بێت، گەندەڵی پاشەکشە دەکات، بە پێچەوانەشەوە. بوونی گەندەڵی یاسایی بەڵگەی ڕاستەقینەی نەبوونی سەروەریی یاسایە، چونکە لێرەدا یاسا دەخرێتە خزمەت گەندەڵییەوە(حامد حاجی قدر، ٢٠١٢، ٤٦ ؛ گەیلان عەباس، ٢٠٢١: ١٢). بەم پێیە، گەندەڵی یاسایی ڕەوایەتی یاسا و دادپەروەری لاواز دەکات، زیان بە بنەماکانی دیموکراسی و مافی هاوڵاتیان دەگەیەنێت، و ئاسایشی یاسایی وڵات تێکدەدات.

**حەوتەم: گەندەڵی دادوەری**

گەندەڵی دادوەری بە مانای لادان و خراپ بەکارهێنانی دەسەڵاتی دادوەری دێت، کە دەبێتە هۆی ڕووخوونی دامەزراوەی دادوەری و کاریگەریی نەرێنی لەسەر پرۆسەی دادوەری دادەنێت(بەڵند دلێر، ٢٠٢٣: ١٨). ئەم جۆرە گەندەڵییە، کە لە چوارچێوەی سیستەمی دادوەریدا ڕوودەدات، لە بنەڕەتدا بریتییە لە خراپ بەکارهێنانی دەسەڵات بۆ بەدەستهێنانی سوودی تایبەتی(بلبال حسناوي و زواو ضياء الدين، ٢٠١٩: ٣٢ ؛ أيمن ثابت، ٢٠١٩: ١٩٢). دەرئەنجامە ترسناکەکانی بریتین لە: پێشێلکردنی مافەکان، لەدەستدانی یەکسانی و دادپەروەری، و بڵاوبوونەوەی ستەم لە کۆمەڵگەدا(بەڵند دلێر، ٢٠٢٣: ١٨).

شێوە باوەکانی گەندەڵی دادوەری بریتین لە: وەرگرتنی بەرتیل، دیاری، واستەکاری (لایەنگری)، شایەتیی درۆ، یان گۆڕینی پۆلێنکردنی یاسایی (التكييف)ـی تاوانەکان بە مەبەستی کەمکردنەوەی سزا یان ئازادکردنی تاوانبار(حيدر طالب، رحيم حسن و بلال عبدالحي، ٢٠٢١: ٤٢). هەندێک جار دادوەر چاوپۆشی لە یاساکان دەکات یان بڕیارەکانی دەگۆڕێت بۆ خزمەتکردنی بەرژەوەندیی کەسانی سیاسی یان کۆمەڵایەتی، یان بۆ بەدەستهێنانی پلەبەرزکردنەوە و پۆستی تایبەت(عثمان تالوتي، ٢٠٢١: ٢٣٧ ؛ فريال مغربي، ٢٠١٩: ٣٦)

گەندەڵی دادوەری بە یەکێک لە مەترسیدارترین جۆرەکانی گەندەڵی دادەنرێت، چونکە دەسەڵاتی دادوەری دوا پەناگەی خەڵکە بۆ گێڕانەوەی مافەکانیان و پارێزەری ئاسایشی یاساییە(بلقيس محمد و صلاح حسن، ٢٠٢٢: ٣٦٤). کاتێک ئەم دەسەڵاتە گەندەڵ

دەبێت، تەرازووی دادپەروەری تێکدەچێت، دادگاکان دەبنە شوێنی مامەڵەی نایاسایی و دادوەرانیش دەبنە ئامرازێک بەدەست تاوانباران و گەندەڵکارانەوە. ئەمەش ڕێگە بۆ دارمانی کۆمەڵگا و حکومەت خۆشدەکات و بڵاوبوونەوەی گەندەڵی لە هەموو کایەکانی ژیاندا خێراتر دەکات(علي سعدي و أحمد عبدالجبار، ٢٠٢١: ٢٢).

**تەوەری دووەم:**

**بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی (مكافحة الفساد)**

گەندەڵی دیاردەیەکی مەترسیدارە، ڕووبەڕووبوونەوەی تەنها بە چاکسازیی کارگێڕی ناکرێت، بەڵکو پێویستی بە چارەسەری بنەڕەتی و ئامرازی کاریگەر هەیە، چونکە شێوازەکانی گەندەڵی بەردەوام لە پەرەسەندندان(سناء محمد، ٢٠٢٠: ١٢٠؛ عدنان قادر عارف الزنكنة، ٢٠١٤: ٤٧٥). بنبڕکردنی گەندەڵی لە ڕێگەی پەیڕەوکردنی پلان و ستراتیژی گشتگیر و بەردەوامەوە، ئەولەوییەتێکی سەرەکییە، پێویستی بە چاکسازیی دامەزراوەیی قووڵ هەیە. چەندین میکانیزمی سەرکەوتوو و جێبەجێکراو بوونیان هەیە(قاسم علوان و سهاد عادل، ٢٠١٤: ١٠سامية حمريش، ٢٠١٨: ٢٨٧).

خۆشبەختانە، سەرەڕای ئاڵۆزی و نوێبوونەوەی بەردەوامی جۆر و شێوازەکانی گەندەڵی، چەندین میکانیزم و ڕێگەچارەی سەرکەوتوو بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی بوونیان هەیە. فراوانی ئەم ڕێگەچارانە وایکردووە کە باسکردنی هەموویان لێرەدا ئەستەم بێت. هەر بۆیە، لەم تەوەرەدا تیشک دەخرێتە سەر گرنگترین ئەو ڕێگا و بنەمایانەی کە پەیڕەوکردنیان دەبێتە هۆی چارەسەرکردن و نەهێشتنی گەندەڵی لە هەرێمی کوردستان و عێراقدا.

**لقی یەکەم:**

**بنەماکانی چارەسەرکردنی گەندەڵی**

بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی پرۆسەیەکی هەستیارە کە تەنها بە سزادانی گەندەڵکاران کۆتایی نایەت، بەڵکو پێویستی بە داڕشتنی بناغەیەکی سیستەماتیکی و پتەو هەیە. ئەم بناغەیە لەسەر کۆمەڵێک بنەمای سەرەکی ڕادەوەستێت کە وەک پایەکانی هەر هەوڵێکی جیددی و بەردەوام کار دەکەن بۆ کەمکردنەوە و بنبڕکردنی ئەم دیاردەیە. بەبێ بوونی ئەم بنەمایانە، هەوڵەکان زۆربەی جار کاتی و بێ ئەنجام دەبن، چونکە ژینگەیەکی لەبار ناهێننە ئاراوە کە تێیدا شەفافیەت و لێپرسینەوە ببێتە کەلتوور و دەستپاکیش ببێتە پێوەر.

لەژێر ڕۆشنایی ئەمەدا، پێویستە ئەو بنەما بنەڕەتیانەی خوارەوە لە هەر ستراتیژییەتێکی گشتی بۆ چارەسەرکردن و نەهێشتنی گەندەڵی پێڕەوبکرێن و بوونیان هەبێت لە بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵیدا. گرنگترین ئەم بنەمایانەش بریتین لە:

**یەکەم: لێپێچینەوە – المحاسبة (Accountancy)**

**لێپێچینەوە** داواکردنی وەڵام و شیکردنەوەیە لەو کەسانەی بەرپرسیارێتی یان پۆستی گشتییان پێ سپێردراوە دەربارەی کار و بڕیارەکانیان. ئەمەش لێپرسینەوەی یاسایی، کارگێڕی و هەندێکجار ئەخلاقیش دەگرێتەوە(أحمد سامي مرهون المعموري، ٢٠٢٣: ٣٥). بە سیستەمێکی پلەبەندیی؛ فەرمانبەر بەرامبەر سەرۆکەکەی بەرپرسە، ئەویش بەرامبەر بەرپرسی باڵاتر، تا دەگاتە ئەوانەی لە لوتکەی دەسەڵاتدان کە چاودێریی کاری بەرپرسان دەکەن(سهى محمد، ٢٠١٧: ٨٣١؛ أحمد سامي مرهون المعموري، ٢٠٢٣: ٣٥؛ محمد سليمان و هيفاء مزهر، ٢٠١٧: ١٣؛ قاسم علوان و سهاد عادل، ٢٠١٤: ١١).

گرنگیی لێپێچینەوە لەوەدایە، هەرچەند سیستەمی لێپێچینەوە بەهێزتر بێت، گەندەڵی کەمتر دەبێتەوە؛ بەپێچەوانەشەوە، نەبوونی یان لاوازی لێپێچینەوە دەرگاکانی بۆ واڵاتر دەکات(فضيل خان و محمد توفيق شعيب، ٢٠١٦: ٤٠٣). لە سەردەمی ئەمڕۆدا، ڕای گشتی و دەنگی میدیا ڕۆڵێکی دیار و کاریگەریان هەیە لە پرۆسەی لێپێچینەوەدا، چونکە فشار دروست دەکەن لەسەر بەرپرسان بۆ ئەوەی شەفافتر بن و بەرژەوەندی گشتی لەبەرچاو بگرن(أحمد سامي مرهون المعموري، ٢٠٢٣: ٣٦).

**دووەم: لێپرسینەوە – المساءلة (Accountability)**

لێپرسینەوە پرۆسەیەکە کە تێیدا دڵنیایی وەردەگیرێت لە جێبەجێکردنی تەواوی ئەرکە کارگێڕییەکان(زێرەوان فارس خدر، ٢٠٢٢: ٣٥). بە واتایەکی تر، لێپرسینەوە بریتییە لەوەی کە فەرمانبەرانی حکومی و بەرپرسان لە پۆستە گشتییەکاندا، بەرپرسیارن لەبەرامبەر بەرپرسانی باڵاتریان، و ئەوانیش بە نۆبەی خۆیان بەرپرسیارن لەبەرامبەر دەسەڵاتی یاسادانان کە چاودێری کارەکانی دەسەڵاتی جێبەجێکردن دەکات(محمد سليمان و هيفاء مزهر، ٢٠١٧: ١٣). ئەم پرۆسەیە وەک یەکێک لە میکانیزمە سەرەکییەکانی ڕێکخستنی ئەدای کارایی و بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی دادەنرێت، کە لە ڕێگەی لێپێچینەوە لە فەرمانبەران و بەرپرسانەوە ئەنجام دەدرێت، بە ئامانجی کەمکردنەوەی ئەو سەرپێچی و لادانانەی کە لە کاتی بەڕێوەبردنی کارەکاندا ڕوودەدەن(زێرەوان فارس خدر، ٢٠٢٢: ٣٧).

**سێیەم: بەرپرسیارێتی – المسئولية (Responsibility)**

بەرپرسیارێتی وەک بنەمایەک لە بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵیدا، بەو مانایەیە کە هەر کەسێک لە پۆستێکی گشتیدا کار دەکات، دەبێت بەرپرسیار بێت لە هەموو کردار و بڕیارەکانی. ئەگەر کەسێک گەندەڵی بکات یان کەمتەرخەمی بنوێنێت، دەبێت سزای یاسایی و کارگێڕی بدرێت. ئەمەش وادەکات کەسەکان زیاتر وریابن لە کارەکانیاندا و هەوڵ بدەن بە شێوەیەکی پاک و بێگەرد کار بکەن. هەروەها، بەرپرسیارێتی یارمەتیدەرە بۆ ئەوەی متمانەی خەڵک بە دامەزراوەکانی دەوڵەت زیاد بکات، چونکە دەزانن کە گەندەڵکاران سزا دەدرێن(سهى محمد، ٢٠١٧: ٨٣١).

**چوارەم: شەفافیەت – الشفافية (Transparency)**

شەفافیەت بریتییە لە ڕوونی (الوضوح) و ئاشکرایی (العلانية) لە کار و بڕیارەکانی دامەزراوەکاندا، کە بە تەواوی پێچەوانەی نهێنی (السرية) و چەواشەکاری (التضليل)یە. ئەم بنەمایە پەیوەندییەکی کراوە لە نێوان حکومەت (و دامەزراوە گشتی و ناحکومییەکانی تر) و هاووڵاتیاندا دەستەبەر دەکات، بە جۆرێک کە دەرفەت بۆ خەڵک دەرەخسێنێت ئاگاداری چۆنیەتی بەڕێوەبردنی کاروباری گشتی، ڕێکارەکان، ئامانجەکان، سەرچاوەکانی پارەدارکردن و شێوازی بەڕێوەبردن بن(سهى محمد، ٢٠١٧: ٨٣٢؛ أحمد سامي مرهون المعموري، ٢٠٢٣: ٣٧؛ محمد سليمان و هيفاء مزهر، ٢٠١٧: ١٣؛ سامية حمريش، ٢٠١٨: ٢٨٨).

شەفافیەت لە هەردوو لایەنی کارگێڕی و داراییەوە، پێویست دەکات هەموو ڕاستییەکان زانراو و بەردەست بن، تا ڕێگە بە جەماوەر بدات بۆ بەدواداچوون، وردبینی(موکسی قاسم، ٢٠٢٠: ٣٥)، لێکۆڵینەوە، و داوای لێپرسینەوە (المساءلة) و لێپێچینەوە (المحاسبة) بکەن، بەتایبەتی لە کاتی ڕووبەڕووبوونەوەی دۆسیەکانی گەندەڵیدا(هند محمود حميد، ٢٠٢٩: ٣٩٨). شەفافیەت تەنها ڕێکارێک نییە، بەڵکو بنەما و بیروباوەڕێکی بنچینەییە لە کارگێڕی گشتیدا کە لەسەر بەهاکانی تری وەک سەروەری یاسا، لێپرسینەوە، بەشداری گشتی و دیموکراسی بنیات نراوە و ڕەفتاری گشتی حکومەت دەبێت پشتی پێ ببەستێت علي عبدالمطلب صادق، ٢٠٢٤: ٢٣٨).

**پێنجەم: چاودێری – الرقابة (Controlling)**

چاودێری بریتییە لە دڵنیابوون لەوەی کارەکان بەپێی پلان و ڕێسا دانراوەکان بەڕێوەدەچن، لەگەڵ ئاشکراکردنی کەموکوڕییەکان، چارسەرکردنیان و ڕێگرتن لە



مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٥ المجلد ١٥/ العدد ٦

دووبارەبوونەوەیان(محمد شهاب محمد أمین، ٢٠١٩: ٢٤). ئامانجی سەرەکی بریتییە لە ڕێگریکردن و بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی، خراپ بەکارهێنانی دەسەڵات، بەفیڕۆدان و پابەندنەبوون بە یاسا و ڕێنماییەکان(نزیه عبدالمقصود و محمد أحمد، ٢٠٢٤: ٥٣٢).

پێویستە سیستەم و دامەزراوەی چاودێریی کاریگەر و سەربەخۆ دابمەزرێنرێت، دەسەڵات و سەرچاوە و توانستی پێویستیان پێبدرێت، لێهاتووترین کەسەکانیان بۆ هەڵبژێردرێت و پارێزبەندییان هەبێت. هەروەها گرنگە میکانیزمێک هەبێت بۆ پاراستنیان لە گەندەڵی و چاودێرییەکی توندیش لەسەر کارەکانی خۆیان هەبێت( هند محمود حمید، ٢٠٢٩: ٣٩٩؛ نزیه عبدالمقصود و محمد أحمد، ٢٠٢٤: ٥٣٢؛ مازن عودة و علیاء حسن، ٢٠٢١: ١١٤؛ قاسم علوان و سهاد عادل، ٢٠١٤: ١١ ؛ الغانمي و الخزرجی، ٢٠١٨: ٢٣).

شێوازەکانی چاودێری هەمەجۆرن و بریتین لە وردبینی، پشکنین، تاقیکردنەوە، و پێداچوونەوەی کارە دارایی و کارگێڕییەکان، کە دەکرێت کتوپڕ یان پلان بۆ داڕێژراو، گشتگیر یان هەڵبژاردەیی بن(نزیه عبدالمقصود و محمد أحمد، ٢٠٢٤: ٥٣٣). هەروەها دەکرێت سوود لە تەکنەلۆجیا و سیستەمی نوێی کارگێڕی وەربگیرێت بۆ کەمکردنەوەی دەرفەتەکانی گەندەڵی. جگە لە چاودێری فەرمی، چاودێری جەماوەریش (گەلی) وەک هێزێکی گرنگ بۆ بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی دادەنرێت( هدى علي یحیی، ٢٠٢٤: ٢٣؛ الغانمي و الخزرجی، ٢٠١٨: ٢٣).

**شەشەم: دەستپاکی – النزاهة (Integrity)**

دەستپاکی بریتییە لە کۆمەڵێک بەهای بنەڕەتی (منظومة قیم) کە پەیوەستن بە ڕاستگۆیی (الصدق)، ئەمانەت (الأمانة)، متمانەپێکراوی (الموثوقیة)، دڵسۆزی (الإخلاص)، ڕێکوپێکی (الإستقامة) و پیشەییبوون (المهنیة) لە کاردا. ئەم بەهایانە لە ڕەفتاری فەرمانبەری گشتیدا ڕەنگدەدەنەوە، کە وەک ئەرکێکی وەزیفی چاوی لێدەکرێت و پابەندی دەکات بە هەڵگرتنی بارگرانییەکانی پۆستی گشتی و وریابوون لە وەرنەگرتنی هیچ بەرامبەرێکی دارایی نایاسایی کە کاریگەری لەسەر بەرژەوەندی گشتی هەبێت یان ببێتە هۆی بەفیڕۆدانی سامانی گشتی(أحمد سامي مرهون المعموري، ٢٠٢٣: ٣٧؛ سامیة حمریش، ٢٠١٨: ٢٨٨؛ محمد سلیمان و هیفاء مزهر، ٢٠١٧: ١٤ ؛ سهی محمد، ٢٠١٧: ٨٣٢).

نەبوونی دەستپاکی بە کۆسپێکی گەورە دادەنرێت لەبەردەم پرۆسەی گەشەپێدان و پێشکەوتندا، بۆیە بەهێزکردنی ئەم بەهایە لەناو دامەزراوەکانی دەوڵەتدا پێویستییەکی

بنەڕەتییە بۆ زاڵبوون بەسەر گەندەڵیدا(سهى محمد، ٢٠١٧: ٨٣٢). بۆ دابینکردن و چەسپاندنی دەستپاکی، پێویستە پایەکانی بۆ فەراهەم بکرێت پێش ئەوەی داوا لە فەرمانبەران بکرێت پابەندی بن. ئەمەش لە ڕێگەی دابینکردنی مووچە و ژینگەیەکی کاری شایستە و گونجاوەوە دەبێت، کە هەم پاساوەکانی گەندەڵی کەمدەکاتەوە و هەمیش هانی فەرمانبەران و هاووڵاتیان دەدات بۆ پاراستنی دەستپاکی(علي عبدالمطلب صادق، ٢٠٢٤: ٢٣٨). هەروەها، پشتگیریکردنی دامەزراوە تایبەتمەندەکان وەک "دەستەی دەستپاکی" بە شارەزایی، سەرچاوە و پاراستنی پێویست، ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە چەسپاندنی ئەم بەهایەدا(الغانمي و الخزرجي، ٢٠١٨: ٢٣).

## لقی دووەم:

### ڕێگاکانی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی

لە ئێستادا، وڵاتان ڕووبەڕووی ئاستەنگی نوێ دەبنەوە لە بواری بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵیی دارایی و کارگێڕیدا، لەبەرئەوەی تەکنەلۆژیای نوێ و ئامرازە مۆدێرنەکانی پەیوەندیکردن بوونەتە هۆی گۆڕانکاری لە سروشتی گەندەڵی و شێوازەکانی ئەنجامدانی. بۆیە، ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی پێویستی بە پەرەپێدانی ڕێکار و میکانیزمی نوێ هەیە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئاستەنگە مۆدێرنەکان(بن يشو فتحي و بن عيسى أمينة، ٢٠٢٣: ٦٠). لێرەدا بە مەبەستی کەمکردنەوە و نەهێشتنی گەندەڵی لە هەرێمی کوردستان و عێراقدا، چەندین ڕێگە و میکانزمی سەرەکی هەن بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی بەگشتی و بەتایبەتی گەندەڵی کارگێڕی و دارایی، کە دەکرێت وەک چەکێک بەکاریان بهێنرێت بۆ بنبڕکردنی گەندەڵی، گرنگترینیان بریتین لە:

**یەکەم: حوکمڕانیی باش**

حوکمڕانیی باش وەک فاکتەرێکی بەهێز و کاریگەر بۆ بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی دادەنرێت. ئەم حوکمڕانییە لەلایەن سەرکردایەتی سیاسی هەڵبژێردراو و کارگێڕیی پابەندو شەفافەوە جێبەجێ دەکرێت، کە ئامانجیان پەرەپێدانی کۆمەڵگە و باشترکردنی ژیانی هاووڵاتیانە. بەڵام، لە واقیعی هەرێمی کوردستان و عێراقدا، جێبەجێکردنی ئەم بنەمایانە ڕووبەڕووی لاوازی بووەتەوە. گرنگیی حوکمڕانیی باش لەوەدایە کە کارگێڕییەکی گشتیی کاریگەر شەفاف و پاک پێکدەهێنێت، بە مەرجێک لەژێر کاریگەریی (نفوذ) سیاسییەکاندا نەبێت. حوکمڕانیی باشی هەڵبژێردراو و شەفاف بە فاکتەرێکی بنەڕەتی دادەنرێت کە ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت لە کەمکردنەوەی گەندەڵی. ئەمەش دەبێتە هۆی

پاراستنی سامانی گشتی، زیادکردنی خزمەتگوزارییەکان بۆ هاووڵاتیان و بەرزکردنەوەی هەستی نیشتمانی(عدنان قادر عارف الزنكنة، ٢٠١٤: ٤٤٦-٤٧٧).

**دووەم: داڕشتنی ستراتیژیی ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی**

داڕشتنی ستراتیژییەکی نیشتمانی بۆ بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی، وەک ڕێکارێکی خۆپارێزی و خاوەن دیدگایەکی گشتگیر، یەکێکە لە بنەما سەرەکییەکانی حوکمڕانیی باش. ئامانجی ستراتیژییەکی لەم شێوەیە، بەهێزکردنی بەرگریی دامەزراوەکانە لە ڕێگەی چەسپاندنی بنەماکانی دەستپاکی، شەفافیەت و لێپرسینەوەوە(علي عبدالمطلب صادق، ٢٠٢٤: ٢٣٩). ستراتیژییەکی لەم شێوەیە پێویستە ورد و هەمەلایەنە بێت، ڕێکاری ڕوون و ڕێگر، خۆپارێز و پەروەردەیی لەخۆبگرێت و پابەند بێت بە چوارچێوەیەکی کاتی دیاریکراوەوە، هەروەها، زۆر گرنگە وەک بەشێکی تەواوکەر و دانەبڕاو، ئەولەوییەتی پێشکەوتووی لە پلانەکانی گەشەپێداندا پێبدرێت(نزيه عبدالمقصود و محمد أحمد، ٢٠٢٤: ٥٢٨؛ هند محمود حميد، ٢٠٢٩: ٣٩٧). لە ئێستادا هەرێمی کوردستان و عێراق خاوەن ستراتیژین بەڵام لە قۆناغی جێبەجێکردندا ڕووبەڕووی کۆمەڵێک ئاستەنگ بوونەتەوە.[٣] بۆیە سەرکەوتنی ئەم ستراتیژییە بەندە بە هەماهەنگی و قبوڵکردنی لەلایەن هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگەوە. پێویستە ببێتە جێگەی پابەندبوونی هەمووان و لەسەر بنەمای بەشداریی ڕاستەقینەی هەموو لایەنە پەیوەندیدارەکان(لە دەسەڵاتە گشتییەکان و دەستە سەربەخۆکانەوە بگرە تا ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، کەرتی تایبەت و میدیا) دابڕێژرێت و جێبەجێ بکرێت(هند محمود حميد، ٢٠٢٩: ٣٩٨). دواجار، ئەم ستراتیژییە دەبێت بگاتە ئاستی کۆدەنگیی نیشتمانی و میکانیزمەکانی بەرەنگاربوونەوەی، کە ڕەگەزی سەرەکین، لەسەر بنەمای گشتگیری، تەواوکاری، سەربەخۆیی، دەستپاکی و لێپرسینەوە بنیات بنرێن بۆ بەدەستهێنانی کارکردنێکی بەرزتر لە ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵیدا(محمد سليمان و هيفاء مزهر، ٢٠١٧: ١٤).

**سێیەم: چالاککردنی ڕۆڵی میدیا (ڕاگەیاندن)**

میدیا، وەک دەسەڵاتی چوارەم، ڕۆڵێکی حەیاتی دەگێڕێت لە ئاشکراکردنی کردەوەکانی گەندەڵی و ئەنجامدەرانی، بڵاوکردنەوەی کەلتووری شەفافیەت و هەڵسەنگاندنی کاراییی دامەزراوە گشتییەکان(علي عبدالمطلب صادق، ٢٠٢٤: ٢٣٩). بۆ ئەوەی میدیا بتوانێت ئەم ئەرکە بە شێوەیەکی کاریگەر ڕاپەڕێنێت، پێویستە ئازادی و مافی پێویستی پێبدرێت، بەڵام گرنگە ئەم ڕۆڵە بە شێوەیەکی پیشەییانە و بەرپرسیارانە بەکاربهێنرێت،

بە مەرجێک هەر تۆمەتێک ئاراستەی هەر لایەنێک کرا، پشتئەستوور بێت بە بەڵگەی سەلمێنەری تەواو و یاسایی، تا نەبێتە هۆی لەدەستدانی متمانەی گشتی(هند محمود حمید، ٢٠٢٩: ٣٩٨). لە واقیعی هەرێمی کوردستان و عێراقدا، بەپێی یاسا (وەک یاسای ڕۆژنامەگەری، ژمارە ٣٥ی ساڵی ٢٠٠٧ و یاسای مافی بەدەستهێنانی زانیاری، ژمارە ١١ی ساڵی ٢٠١٣ لە هەرێم) ئازادیی ڕادەربڕین و دەستکەوتنی زانیاری پارێزراوە، بەڵام میدیا وەک سێبەری حیزبە سیاسییەکان کار دەکەن. ئەمەش وایکردووە کە پیشەییبوون و بێلایەنی لاواز بێت و متمانەی گشتی بەرامبەریان کەم ببێتەوە. زۆرجار ئاشکراکردنی دۆسیەکانی گەندەڵی لەبری ئەوەی ئامانجێکی نیشتمانی بێت، وەک ئامرازێک بۆ 'یەکترشکاندنی سیاسی' بەکاردەهێنرێت. لە کاتێکدا ئەرکەکانی میدیا، شیکردنەوە و ڕوونکردنەوەی یاسا و ڕێنماییەکان دەگرێتەوە بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاریی یاسایی هاووڵاتیان، ئامادەبوون و تۆمارکردن و پەخشکردنی دانیشتنەکانی دادگاییکردنی دۆسیەکانی گەندەڵی لە چوارچێوەی یاسا پەیڕەوکراوەکان بەمەبەستی شەرمەزارکردنی تاوانباران یان سەلماندنی بێتاوانییان و ڕێگرتن لە دەستێوەردان، بڵاوکردنەوەی ڕاستییەکان بەبێ چەواشەکاری، پەردەپۆش نەکردن و هەواڵدان لەسەر گەندەڵکاران، و بڵاوکردنەوەی هۆشیاری دەربارەی گرنگی پاراستنی سامانی گشتی(هدى علي يحيى، ٢٠٢٤: ٢٥ ؛ (هند محمود حميد، ٢٠٢٩: ٤٠١-٤٠٢).

**چوارەم: بەشدارپێکردنی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی**

ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی وەک هاوبەشێکی گرنگ لەم پرۆسەیەدا دەردەکەون. ئەوان دەتوانن لە ڕێگەی هاوکاریکردن لەگەڵ کەرتی گشتی، ڕۆڵ ببینن لە بڵاوکردنەوەی کولتوری دەستپاکی، شەفافیەت و لێپرسینەوە، هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگە لە مەترسییەکانی گەندەڵی، و هەڵسەنگاندنی کاری دامەزراوەکان(علي عبدالمطلب صادق، ٢٠٢٤: ٢٣٩؛ هدى علي يحيى، ٢٠٢٤: ٢٣). پێویستە ئەم ڕێکخراوانە بەشداری پێبکرێن لە پرۆسەی دەستکەوتنی زانیاری و ئاڵوگۆڕکردنی بەشێوەیەکی شەفاف، هەروەها لە ئامادەکردنی ئەو ڕاپۆرتە نیشتمانیانەی کە تایبەتن بە بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی و پێویستە ناوەڕۆکەکەیان ئاشکرا بێت و لە کۆنفرانسی تایبەتدا گفتوگۆی لەسەر بکرێت، تەنانەت بوونی چاودێریی نێودەوڵەتیش لەسەر هەوڵە ناوخۆییەکان بە پێویست زانراوە(هند محمود حميد، ٢٠٢٩: ٣٩٩). جگە لەوەش، دەتوانن ڕۆڵێکی کاریگەریان هەبێت لە چاودێریی جەماوەریدا لە دژی گەندەڵی و بەفیڕۆدانی دارایی و لە ڕێگەی کۆڕ و سیمیناری

هۆشیارکەرەوە لە دامەزراوە جیاوازەکاندا، ئاستی کاریگەریی ئەم دیاردە مەترسیدارە بۆ کۆمەڵگە ڕوون بکەنەوە. پێویستە هاوکاری و هەماهەنگی ڕاستەقینە لەنێوان هەماهەنگی نێوان میدیای ئازاد و پیشەیی و کۆمەڵگەیەکی مەدەنی چالاک لەگەڵ دامەزراوەکانی چاودێری وەک دەستەی دەستپاکیی و دیوانی چاودێریی دارایی هەبێت، چونکە ژینگەیەکی لەبار بۆ کەمکردنەوەی گەندەڵی دەرەخسێنێت(الغانمي و الخزرجي، ٢٠١٨: ٢٤؛ هدى علي يحيى، ٢٠٢٤: ٢٣-٢٤).

**پێنجەم: ڕۆڵی چالاکی هاوڵاتی لە بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی**

لە چوارچێوەی یاساییدا، لە ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی، جەخت لەسەر ڕۆڵی گرنگی هاووڵاتی دەکرێتەوە. لەسەر هاووڵاتی پێویستە هەست بە بەرپرسیارێتیی نیشتمانی و یاسایی بکات و دەستبەجێ دەستەی دەستپاکی یان لایەنە پەیوەندیدارەکانی تر ئاگادار بکاتەوە و ئاگاداری(هەواڵ) بدات دەربارەی هەر کردەوەیەکی نایاسایی(لادەر)، یان هەر شێوەیەکی گەندەڵی کە دەیبینێت یان زانیاری لەسەر هەیە. هاوکات، زۆر گرنگە هاووڵاتی خۆی دووربگرێت لەوەی ببێتە هۆکار یان هاوکار بۆ بڵاوبوونەوەی دیاردەی گەندەڵی، وەک پەنابردن بۆ واستە و بەرتیل بۆ ڕاییکردنی کارەکانی(هند محمود حميد، ٢٠٢٩: ٤٠٠). بەڵام، بۆ چالاککردنی ئەم ڕۆڵە، پێویستە حکومەت ژینگەیەکی لەبار بڕەخسێنێت. بۆ نموونە، چالاککردنی ئەو ماددە یاساییانەی کە باس لە پاداشتکردنی هەواڵدەران (المخبرين) دەکەن، دەتوانێت هاندەرێکی بەهێز بێت. لە هەمان کاتدا، گرنگترین فاکتەر دابینکردنی پارێزبەندیی تەواوەتی یاسایی و کردارییە بۆ ئەو هاووڵاتیانەی کە زانیاریی دروست لەسەر دۆسیەکانی گەندەڵی ئاشکرا دەکەن، تاوەکو لە هەر جۆرە تۆڵەسەندنەوەیەک پارێزراو بن(هدى علي يحيى، ٢٠٢٤: ٢٣-٢٤).

**شەشەم: پێداچوونەوە و باشترکردنی دۆخی ئابووری**

پێداچوونەوە و باشترکردنی بارودۆخی ئابووری وەک میکانیزمێکی کاریگەر و بنەڕەتی لە چوارچێوەی ستراتیژییەکانی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵیدا جێگەی بایەخە. کاتێک هۆکارە ئابوورییەکان وەک بنەمایەک بۆ سەرهەڵدان و بڵاوبوونەوەی گەندەڵی دارایی دەستنیشان دەکرێن، ئەوا گرتنەبەری چارەسەری ئابووری دەبێتە پێداویستییەکی حەتمی(سناء محمد، ٢٠٢٠: ١٢٠). ئەمەش لە ڕێگەی ڕەخساندنی دەرفەتی کاری گونجاو بۆ هاووڵاتیان و دابینکردنی میلاکی پیشەیی پێویستەوە بەدی دێت(هدى علي يحيى، ٢٠٢٤: ٢٣). هاوکات، پێداچوونەوە بە دۆخی فەرمانبەران لە ئاستێکی نزم لە کەرتی گشتیدا، لە ڕێی

بەرزکردنەوەی ئاستی مووچە و کرێ و دابینکردنی پاداشتی شایستە بە شێوەیەک کە هاوتەریب بێت لەگەڵ ئاستی کرێ لە کەرتەکانی دیکەی کۆمەڵگەدا، هۆکارێکی جەوهەرییە(هند محمود حميد، ٢٠١٩: ٤٠٠). لەبەرئەوەی، جێگیربوونی ئاستی داهاتی فەرمانبەران بۆ ماوەیەکی درێژ، دەبێتە هۆی لەدەستدانی کادری لێهاتوو و کارامە لە کارگێڕییە گشتییەکاندا کە بەرەو کەرتی تایبەت هەنگاو دەنێن، لە بەرامبەردا تەنها فەرمانبەری ناکارامە دەمێنێتەوە. ئەم لێکەوتە نەرێنییە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ کاردەکاتە سەر پاشەکشەی ئاستی بەرهەمهێنان و دروستبوونی ڕۆتینی کارگێڕی، دواجار چەکەرەکردن و پەرەسەندنی گەندەڵی(الغانمي و الخزرجي، ٢٠١٨: ٢٣). بەم شێوەیە، بەهێزکردنی ژێرخانی ئابووری و دابینکردنی بژێوییەکی شایستە بۆ فەرمانبەران، وەک پایەیەکی گرنگ بۆ بەرەوپێشبردنی دەستپاکی و کەمکردنەوەی دیاردەی گەندەڵی چاوی لێدەکرێت.

**حەوتەم: چاکسازیی کارگێڕی و تەکنەلۆژیا نوێ**

چاکسازی لە ڕێکارە کارگێڕییەکاندا، لە ڕێگەی ئاسانکردن و سادەکردنەوە، خێرا ڕاییکردنیان، و سوودوەرگرتن لە تەکنەلۆژیای نوێ، وەک چارسەرێکی کاریگەر بۆ کەمکردنەوەی ڕۆتین و گەندەڵی لە دامەزراوەکانی هەرێمی کوردستان و عێراقدا دەبینرێت، ئاڵۆزی و درێژخایەنی ڕێکارە کارگێڕییەکان بە زەمینەیەکی لەبار بۆ گەشەکردنی گەندەڵی دادەنرێت، چونکە دەرفەت بۆ فەرمانبەران دەڕەخسێنێت تا پەنا بۆ زۆرلێستاندنی سوودی دارایی، دواخستنی مامەڵەکان، دروستکردنی بەربەستی دەستکرد ببەن و هاوڵاتیانیش ناچار دەکات بۆ ڕاییکردنی کارەکانیان بەرتیل بدەن(عەلی عەبدولموتەلیب سادق، ٢٠٢٤: ٢٣٩ ؛ هند مەحموود حەمید، ٢٠١٩: ٤٠٠).

بۆ بەهێزکردنی ئەم میکانیزمە، پێویستە ڕوونکردنەوە و سادەکردنەوەی ڕێکارەکان هاوشان بێت لەگەڵ بەرزکردنەوەی ئاستی شەفافییەت و توندوتۆڵکردنی پرۆسەی جێبەجێکردن و چاودێریکردنیان لەلایەن دەزگا پەیوەندیدارەکانەوە، کە ئەمە بە کۆڵەکەی پشتی میکانیزمەکانی نەهێشتنی گەندەڵی دادەنرێت(فەزیل خان و مەحەمەد تۆفیق شوعەیب، ٢٠١٦: ٤٠٣). لێرەدا، چاکسازیی نوێگەرانە لە کەرتی گشتیدا و بەکارهێنانی شێوازەکانی حکومەتی ئەلیکترۆنی و ئامرازەکانی وەرچەرخانی دیجیتاڵی دێتە ئاراوە.

ئەم شێوازانە بوونەتە پێویستییەکی سەرەکی و تایبەتمەندیی کارگێڕیی نوێ. هەروەها، تەکنەلۆژیا یارمەتیدەرە لە سادەکردنەوەی شێوازەکانی کارکردن و دیاریکردنی کاتێکی

دیاریکراو بۆ تەواوکردنی مامەڵەکان، کە ئەمەش وەڵامدەرەوەی پێداویستیی سەرەکیی هاووڵاتیانە بۆ ڕاییکردنی کارەکانیان بە کەمترین تێچوو و خێراترین کات(نەزیە عەبدولمەقسوود و محەمەد ئەحمەد، ٢٠٢٤: ٥٣٤). ئەم تەکنەلۆژیایە، لە ڕێگەی کەمکردنەوەی بەریەککەوتنی ڕاستەوخۆی نێوان هاووڵاتی و فەرمانبەرەوە، ڕێگری لە کردەوەی زۆرلێستاندن و بەرتیلوەرگرتن دەکات(ئەحمەد عەبدولحەسەن ئیبراهیمی و حەسەن تاهیر برێبەر، ٢٠٢٣: ٢٩٣).

**هەشتەم: جیاکردنەوەی کاری ئیداری و سیاسی**

یەکێک لە میکانیزمەکانی چاکسازیی کارگێڕی و ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی پێویست لە هەرێمی کوردستان و عێراقدا، بریتییە لە جیاکردنەوەی تەواوەتی کاری کارگێڕی لە کاری سیاسی و حزبی. واتا پۆستە کارگێڕییەکان و ئەرکەکانیان دەبێت بدرێنە ئەو کەسانەی کە شارەزایی و لێهاتوویی پیشەییان هەیە، هەروەها دامەزراندن و پلەبەرزکردنەوەیان لەسەر بنەمای پێشکەوتنی پیشەیی و پلەبەندی وەزیفی بێت. زۆر گرنگە کە پرۆسەی دانانی کەسەکان لە پۆستە کارگێڕییەکاندا دووربخرێتەوە لە هەر جۆرە دەستێوەردانێکی سیاسی یان حزبی، هەروەها پشت بە واستە و خزمخزمێنە نەبەسترێت. ئەم جیاکردنەوەیە زامنی کارایی و پیشەییبوونی دامەزراوە کارگێڕییەکان دەکات(سناء محمد، ٢٠٢٠: ١٢١).

**نۆیەم: دانانی کەسی شیاو لە شوێنی شیاو**

دانانی کەسی شیاو لە شوێنی شیاو بە میکانیزمێکی سەرەکی و یەکێک لە گرنگترین ئامرازەکانی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی کارگێڕی دادەنرێت. دانانی فەرمانبەر و بەرپرسێکی دەستپاک و لێهاتوو و بەپەرۆش لە پۆستە کارگێڕییەکاندا، کاریگەرترین ڕێگایە بۆ لێدان لە گەندەڵکاران و کەمکردنەوەی گەندەڵی لەناو دامەزراوەکاندا(عدنان قادر عارف الزنكنة، ٢٠١٤: ٤٧٩). هەڵبژاردنی هەر کەسێک بۆ هەر پۆستێک، بەتایبەتی پۆستە باڵاکان و گرنگەکان، دەبێت لەسەر بنەمای پێوەری وەک لێهاتوویی زانستی و کرداری، پسپۆڕی، دەستپاکی، ئەزموون، شەفافیەت، جددییەت، ئازایەتی و توانای سەرکردایەتی بێت، و پێویستە لە ڕێگەی 'پرۆسەی هەڵسەنگاندنی توانای تاکەکان'ەوە ئەنجام بدرێت. ئەمە یارمەتیدەرە بۆ دڵنیابوون لە بەڕێوەچوونی ڕێکوپێکی کارەکانی دامەزراوەکان و کەمکردنەوەی بەرچاوی گەندەڵی(علی عبدالمطلب صادق، ٢٠٢٤: ٢٣٨).

**دەیەم: جێگۆڕکێی پیشەیی (التدوير الوظيفي)**

گرتنەبەری سیاسەتی جێگۆڕکێ یان خولانەوەی پیشەیی (التدوير الوظيفي) یەکێکە لە ڕێکارە کاریگەرەکان بۆ بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی، بە تایبەتی لەو بوار و یەکە کارگێڕیانەی کە بەهۆی سروشتی کارەکەیان یان مانەوەی درێژخایەنی فەرمانبەران و بەرپرسان تیایاندا، زیاتر زەمینەی گەندەڵییان تێدا لەبارە. مانەوەی فەرمانبەر یان بەرپرس بۆ ماوەیەکی درێژ لە هەمان پۆست یان شوێنی کاردا، دەرفەت بۆ تەشەنەکردنی گەندەڵی دەڕەخسێنێت. کە دەبێتە کۆسپ لەبەردەم هەر هەوڵێکی چاکسازی و بنبڕکردنی گەندەڵیدا. بۆیە، جێگۆڕکێی پیشەیی بە شێوەیەکی خولی و لە ماوەیەکەوە بۆ ماوەیەکی تر، بە میکانیزمێکی سەرکەوتوو و تاقیکراوە دادەنرێت. هەندێک پێشنیازیش هەن کە ماوەی مانەوەی فەرمانبەر لەم جۆرە پۆستانەدا لە چوار ساڵ تێپەڕ نەکات(الغانمي و الخزرجي، ٢٠١٨: ٢٢ ؛ هند محمود حميد، ٢٠١٩: ٤٠٠ ؛ سامية حمريش، ٢٠١٨: ٢٨٧).

**یازدەیەم: پەرەپێدان و دەرکردنی یاسا و ڕێنمایی نوێ شیاو**

بوونی چوارچێوەیەکی یاسایی پتەو و گونجاو، بەردی بناغەی هەر هەوڵێکە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی(علي عبدالمطلب صادق، ٢٠٢٤: ٢٣٩). ئەمەش تەنها بە دەرکردنی یاسا بەس نییە، بەڵکو پێویستە ئەم یاسایانە نوێ بن و توانای جێبەجێکردن و کارپێکردنیان هەبێت (قابل للتفعيل)، بۆیە زۆر گرنگە بەردوام پێداچوونەوە بە یاسا و ڕێنماییە پیشەیی و دارایی و کارگێڕییەکان بکرێت و پەرەیان پێبدرێت(هند محمود حميد، ٢٠٢٩: ٣٩٩-٤٠٠). پێویستە یاسا و ڕێکخستنە فەرمییەکان بە جۆرێک بگونجێندرێن کە لەگەڵ ئامانجی بنیاتنانی کۆمەڵگەیەکی خاڵی لە گەندەڵیدا یەکبگرنەوە و ئەو کەلێنە یاساییانە پڕبکەنەوە کە دەبنە هۆی دروستبوونی ژینگەیەکی لەبار بۆ گەندەڵی(مازن عودة و علياء حسن، ٢٠٢١: ١١٤). بەبێ بوونی یاسایەکی کارا و چوارچێوەیەکی یاسایی تۆکمە کە توانای ڕووبەڕووبوونەوەی شێوازە نوێیەکانی گەندەڵی هەبێت، هەموو هەوڵەکانی تر سنووردار دەبن.

**دوازدەیەم: بەهێزکردنی دەسەڵاتی دادوەری**

بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی پرۆسەیەکی هەمەلایەنەیە و پێویستی بە چەندین ڕێکار هەیە: یەکێک لە میکانزمەکانی بریتییە لە بنیاتنانی دەسەڵاتێکی دادوەریی سەربەخۆ، بەهێز و دەستپاک کە بتوانێت بەبێ هیچ کاریگەرییەکی دەرەکی ئەرکەکانی جێبەجێ بکات و بڕیارەکانی لەلایەن دەسەڵاتی جێبەجێکارەوە ڕێزیان لێ بگیرێت و جێبەجێ



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2025 Volume :15 Issue : 6
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

بکرێن(هند محمود حميد، ٢٠٢٩: ٣٩٨). لەگەڵ ئەمەشدا، بوونی دادگایەکی تایبەتمەند بۆ کەیسەکانی گەندەڵی بە پێویستییەکی سەرەکی دادەنرێت، چونکە ئەم جۆرە دادگایانە یارمەتیدەرن لە خێرا یەکلاکردنەوەی دۆسیەکان و بەهێزکردنی هەوڵەکانی ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی.

**کۆتایی: دەرەنجام و ڕاسپاردەکان**

لەم توێژینەوەیەدا، هەوڵ درا تیشک بخرێتە سەر دیاردەی گەندەڵی وەک یەکێک لە گەورەترین ئاستەنگەکانی بەردەم حوکمڕانیی دروست و گەشەپێدانی بەردوام لە هەرێمی کوردستان و عێراقدا. لە ڕێگەی میتۆدی شیکاری وەسفییەوە، چەمک، جۆر، بنەما و میکانیزمەکانی ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم دیاردەیە شیکرانەوە. لە کۆتاییدا، دەتوانین بگەین بە چەندین دەرەنجام و ڕاسپاردەی گرنگ.

**یەکەم: دەرەنجامەکان (النتائج)**

١. سەرەڕای بوونی چوارچێوەی یاسایی و دامەزراوەی تایبەتمەند (وەک دەستەی دەستپاکی و دیوانی چاودێریی دارایی) لە هەرێمی کوردستان و عێراق، بەڵام کەلێنێکی گەورە لە نێوان دەقە یاساییەکان و واقیعی جێبەجێکردندا بوونی هەیە. لاوازیی ئیرادەی سیاسی، دەستێوەردانی حیزبی، و نەبوونی لێپرسینەوەی جددی وایکردووە ئەم یاسا و دامەزراوانە کاریگەریی پێویستیان نەبێت.

٢. دەرکەوت کە پەیوەندییەکی پێچەوانەی ڕاستەوخۆ لە نێوان گەندەڵی و بنەما سەرەکییەکان چارەسەرکردنیدا هەیە. لە هەر شوێنێک ئەم بنەمایانە لاواز بن، گەندەڵی گەشە دەکات و لە کونترول دەردەچێت.

٣. ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی تەنها بە ڕێکاری سزادان و یاسایی چارەسەر نابێت، بەڵکو پێویستی بە ستراتیژییەتێکی نیشتمانیی گشتگیر هەیە کە چاکسازیی کارگێڕی، ئابووری، سیاسی، پەروەردەیی و کۆمەڵایەتی لەخۆبگرێت و هەموو لایەنە پەیوەندیدارەکان بە کۆدەنگی نیشتیمانی بە پشتگیری ئیرادەیەکی سیاسی بەهێز بەشداری تێدا بکەن.

٤. ئاڵۆزیی ڕێکارە کارگێڕییەکان (ڕۆتین) و بەریەککەوتنی ڕاستەوخۆی نێوان فەرمانبەر و هاووڵاتی، بە زەمینەیەکی لەبار بۆ گەشەکردنی گەندەڵی دادەنرێت. سوودوەرگرتن لە حکومەتی ئەلیکترۆنی و تەکنەلۆژیای نوێ دەتوانێت بە شێوەیەکی بەرچاو دەرفەتەکانی گەندەڵی کەم بکاتەوە.

**دووەم: ڕاسپاردەكان (التوصيات)**

لەسەر بنەمای دەرەنجامەكانی سەرەوە، ئەم توێژینەوەیە ئەم ڕاسپاردانەی خوارەوە پێشنیاز دەكات:

١.پێویستە بە شێوەیەكی بەردەوام پێداچوونەوە بە یاساكانی ئێستادا بكرێت بۆ پڕكردنەوەی ئەو كەلێنە یاساییانەی كە ڕێگەخۆشكەرن بۆ دەربازبوون لە سزا. هەروەها، دەركردنی یاسای نوێی تایبەتمەند بە بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی كارێكی پێویست و بنەڕەتییە.

٢.گرنگترین پێویستی بوونی بڕیارێكی ستراتیژیی نەگۆڕە لە لوتكەی دەسەڵاتەوە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی. چونكە بەبێ ئەم ئیرادەیە، هەموو یاسا و دامەزراوەكان تەنها ڕووكەش دەبن و كاریگەرییان نامێنێت. دەبێت ئەم ئیرادەیە لە كردەوەدا بسەلمێنرێت، نەک تەنها لە دروشمدا.

٣.هیچ چاكسازییەک سەركەوتوو نابێت ئەگەر یاسا بەسەر هەمووواندا، بەبێ جیاوازیی پلە و پۆست، بە یەكسانی جێبەجێ نەكرێت. پێویستە دەسەڵاتی دادوەری و دامەزراوەكانی چاودێری (وەک دەستەی دەستپاكی) بەهێز بكرێن و لە هەر جۆرە دەستێوەردانێكی سیاسی پارێزراو بن، تا بتوانن بە بوێرییەوە لێپرسینەوە لە گەورەترین گەندەڵكارانیش بكەن.

**الهوامش**

١. تاوانی گەندەڵی پێناسە كراوە بە "...هەر تاوانێك لەو تاوانانەی كە لە ماددەكانی (٢٣٣، ٢٣٤، ٢٧١، ٢٧٢، ٢٧٥، ٢٧٦، ٢٩٠، ٢٩٢، ٢٩٦)ی یاسای سزادانی عێراقی ژمارە (١١١)ی ساڵی ١٩٦٩ دەقیان لەسەر كراوە و تاوانەكانی پێشێلكار بۆ ئەركەكانی وەزیفەی گشتی، كە بریتین لە بەرتیل، ئیختیلاس و زێدەڕۆیی فەرمانبەران لە سنووری وەزیفەكانیان و تاوانەكانی شۆشتنەوەی مایە و دانداان (بەردەستكردنی ئەو سامانانەی دەرەنجامی تاوان یان كەتنی گەندەڵی) و هەر تاوانێك یەكێك بێت لە بارودۆخە توندكراوەكانی دەقكراو لە برگەكانی (پێنجەم، شەشەم و حەوتەمی ماددەی (١٣٥) لە یاسای سزادانی عێراقی هەمواركراو بە یاسایەكی ڕێكخراوی دەرچوو لە ئەنجوومەنی حوكمی هەڵوەشاوەی پاشكۆ بە فەرمانی دەسەڵاتی ئیئتیلافی كاتیی هەڵوەشاوە، ژمارە (٥٥)ی ساڵی ٢٠٠٤".

٢. رقم (٣٠) لسنة ٢٠١١ (المعدل) قانون هيئة النزاهة الإتحادية والكسب غير المشروع.

المادة – ١ – يقصد بالتعابير الآتية لأغراض هذا القانون المعاني المبينة ازاءها : – ثالثاً : أ. قضية فساد : هي دعوى جزائية يجري التحقيق فيها بشأن جريمة من جرائم ( سرقة أموال الدولة الرشوة، الاختلاس الكسب غير المشروع، تجاوز الموظفين حدود وظائفهم وفق المواد ) ٣٢٨، ٣٢٩، ٣٣٠، ٣٣١، ٣٣٤، ٣٣٥، ٣٣٦، ٣٣٨، ٣٤٠ (٣٤١) من قانون العقوبات رقم (١١١) لسنة ١٩٦٩). ب. تعد قضية فساد الجرائم الآتية: – جرائم الفساد

وبضمنها خيانة الأمانة التي ترتكب من المنظمات غير الحكومية الممنوحة صفة النفع العام وفي الإتحادات والنقابات والجمعيات المهنية التي تسهم الدولة في أموالها أو التي منحت. - أموالها صفة أموال عامة أو التي منح منسوبوها صفة المكلفين بخدمة عامة. - جرائم الرشوة في القطاع الخاص الوطني والأجنبي في الأعمال المتعلقة بالقطاع العام وجرائم رشوة الموظف الأجنبي.

[٣]. ستراتيژیی نیشتمانی ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی لە هەرێمی کوردستان ٢٠٢١-٢٠٢٥؛ الاستراتيجية الوطنية للنزاهة ومكافحة الفساد في العراق ٢٠٢١ – ٢٠٢٤

## لیستی سەرچاوەکان

### یەکەم: یاساکان


١.یاسای سزادانی عێراقی ژمارە (١١١)ی ساڵی ١٩٦٩

٢.یاسای ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠١١ یاسای دەستەی گشتیی دەسپاکیی هەرێمی کوردستان-عێراق

٣.یاسای ژمارە (٧)ی ساڵی ٢٠١٤ یاسای هەمواری یەکەمی یاسای دەستەی گشتیی دەسپاکیی لە هەرێمی کوردستان . عێراق ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠١١

٤.یاسای ژمارە (٣٥)ی ساڵی ٢٠٠٧ یاسای ڕۆژنامەگەری لە کوردستان

٥.یاسای ژمارە (١١)ی ساڵی ٢٠١٣ یاسای مافی دەسکەوتنی زانیاری لە هەرێمی کوردستان . عێراق

٦.یاسای دەستەی دەستپاکی فیدراڵی و دەستکەوتی نارەوا، ژمارە (٣٠)ی ساڵی ٢٠١١ (هەموارکراوەکانی)


### دووەم: ستراتیژییە نیشتمانییەکانی ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی:


١.الإستراتيجية الوطنية للنزاهة ومكافحة الفساد في العراق (٢٠٢١-٢٠٢٤)

٢.الإستراتيجية الوطنية لمكافحة الفساد في المصر (٢٠١٤ – ٢٠١٨)

٣.ستراتیژیی نیشتمانیی ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی لە هەرێمی کوردستان (٢٠١٧-٢٠٢١)

٤.ستراتیژیی نیشتمانیی ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی لە هەرێمی کوردستان (٢٠٢١-٢٠٢٥)


### سێیەم: سەرچاوە کوردییەکان

#### پەرتووک:


١.بەڵند دڵێر شاوەیس (٢٠٢٣) *گەندەڵی و ئایندەی هەرێمی کوردستان*. چاپی یەکەم، سلێمانی: چاپخانەی کارۆ.

٢.حامد حاجى قادر (٢٠١٢) *گەندەڵی* .چاپی یەکەم، سلێمانی: ئەکادیمییای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران.
٣.على قەرەداغی (٢٠١١) *گەشەپێدان و گەندەڵی* .وەرگێرانی: تاریق نەجیب. چاپی یەکەم، هەولێر: چوارچرا.
٤.عومەر عبداالله گـوڵپی (٢٠١٤) *گەندەڵی* .چاپی یەکەم، سلێمانی: سەردەم.
٥.گەیلان عەباس (٢٠٢١) *گەندەڵی لە عێراق و هەرێمی کوردستان* .سلێمانی: ژووری توێژینەوەکانی بزووتنەوەی گۆڕان.

**دووەم: سەرچاوە عەرەبییەکان**

**پەرتووک:**

١.أحمد محمود نهار أبو سويلم (٢٠١٠) *مكافحة الفساد* .الطبعة الأولى، الأردن: دار الفكر ناشرون وموزعون.
٢.احمد سامي مرهون المعموري (٢٠٢٢) *الفساد الإداري في العراق* .الطبعة الأولى، النجف: مركز الرافدين للحوار.
٣.المحمود محمد معابرة (٢٠١١) *الفساد الإداري وعلاجه في الشريعة الإسلامية* .الطبعة الأولى، عمان: دار الثقافة.
٤.سردار كاكة امين اكو (٢٠١٦) *الرقابة والتفتيش الإداري* .الطبعة الأولى، لبنان: المؤسسة الحديثة.
٥.صمويل هنتنجتون (٢٠١٧) *النظام السياسي في مجتمعات متغيرة* .ترجمة: حسام نايل. الطبعة الأولى، بيروت: دار التنوير للطباعة والنشر.
٦.علي عبد المطلب صادق (٢٠٢٤) *سياسات تفكيك ظاهرة الفساد في العراق بعد عام ٢٠٠٣* .
٧.علي، حيدر طالب، رحيم حسن العكيلي و بلال عبد الحي علي (٢٠٢١) *مدخل للنزاهة ومكافحة الفساد في التشريعات العراقية والاتفاقيات الدولية* .الطبعة الأولى، بغداد: مركز البيان للدراسات والتخطيط.
٨.محمد شهاب محمد أمين (٢٠١٩) *دور الرقابة البرلمانية في تقويم عمل السلطة التنفيذية* .الطبعة الأولى، الإسكندرية: المكتب الجامعي الحديث.
٩.هدى علي العماد (٢٠٢٤) *دور الجودة في مكافحة الفساد في الشريعة والقانون.*
١٠.جمال محمد معاطى موافى (٢٠١٩) *مكافحة الفساد الإداري بين الشريعة الإسلامية والشرائع الوضعية* . الطبعة الأولى، مصر: دار الكتب والدراسات العربية.

**توێژینەوەکان (وتار و کۆنفرانس):**

١.شريهان ممدوح حسن أحمد (٢٠١٨) 'جهود مكافحة الفساد الإداري والمالي في المملكة العربية السعودية "دراسة مقارنة .'*المجلة القانونية*، ٤(٤).
٢.إبراهيم الب خطري (٢٠٢١) 'الفساد الإداري – رأس الفساد .'*مجلة قراءات علمية*، (٣٥)، ل ٣٢١–٣٢٧.
٣.نزار عبد الامير تركي الغانمي و حمد جاسم محمد الخزرجي (٢٠١٧) 'الفساد المالي والإداري ودوره في تحجيم الاقتصاد العراقي .*المؤتمر العلمي السنوي الثالث عشر لكلية القانون*، جامعة بغداد.

٤.أيمن ثابت عبد الربيعي (٢٠١٩) 'ظاهرة الفساد. *المجلة القانونية*، ٦(٢)، ل ١٨٨-٢٠٢.

٥.احمد عبد الحسن الابراهيمي و حسن طاهر بربير (٢٠٢٣) 'القيادة المسؤولة وأثرها في نجاح استراتيجيات مكافحة الفساد الإداري .'*مجلة تكريت للعلوم الإدارية والاقتصادية*، ١٩ (عدد خاص).

٦.بن يشو فتحي و بن عيسى أمينة (٢٠٢٣) 'قراءة تحليلية للمؤشرات الدولية في قياس الفساد المالي و الإداري .' *مجلة...*، ٢٢(١)، ل ٥٨-٦٥.

٧.بشاير غنام الديكان (٢٠٢٠) 'منهجية مكافحة الفساد الإداري في التشريع والقضاء الكويتي .'*مجلة روح القوانين*، ٣٢(٩٢)، ل ٦١١-٦٧٦.

٨.بلقيس محمد جواد وصلاح حسن حمود (٢٠٢٢) 'أنواع الفساد و علاقته بالديمقراطية و العولمة .'*مجلة الكلية الإسلامية الجامعة*، ٦٩(١)، ل ٣٥٧-٣٨٤.

٩.بلبال حسناوي و ضياء الدين زواو (٢٠١٩) 'أسباب الفساد الإداري والمالي وإستراتيجية مكافحته .'*مجلة بحوث الإدارة والاقتصاد*، ١(٢)، ل ٢٨-٤٠.

١٠.جواد رضا رزوقي السبع (٢٠١٨) 'الدور الرقابي للبرلمان العراقي في مكافحة الفساد .'*مجلة دراسات في التاريخ والآثار*، (٦٥)، ل ١١٩-١٤٧.

١١.رحيمة يونس و الشارف صالح شقلوف (٢٠٢٤) 'دور منظمات المجتمع المدني في مكافحة الفساد .'*مجلة الحق للعلوم الشرعية والقانونية*، (١٣)، ل ١٥١-١٦٤.

١٢.سناء محمد سدحان (٢٠٢٠) 'آليات التنسيق بين المجلس الاعلى لمكافحة الفساد والأجهزة الرقابية في العراق... .'، ٤(٣)، ل ١١٤-١٣٧.

١٣.سهي محمد محمد مصطفي سلي (٢٠١٧) 'الفساد الاداري في المنظمات الحكوميه .'*المجلة العلمية للدراسات التجارية والبيئية*، ٨(٣)، ل ٨١٣-٨٣٧.

١٤.عادل بن أحمد الشلفان (٢٠٢١) 'دور الحوكمة والشفافية في الحد من الفساد الإداري .'*المجلة العربية للإدارة*، ٤١(٢)، ل ١١٧-١٤٠.

١٥.عبدالحق طير، عقبة ريمي و بولرباح غريب (٢٠١٩) 'أثر الفساد على جاذبية الدول العربية للاستثمار الأجنبي المباشر .'*مجلة رؤى اقتصادية*، ٩(٢)، ل ١٠٧-١٢٥.

١٦.عثمان تالوتي (٢٠٢١) 'الإطار المفاهيمي لظاهرة الفساد .'*مجلة العلوم الإنسانية والإجتماعية*، ٢(٣)، ل ٢٢٤-٢٥٣.

١٧.عدنان قادر عارف الزنكنة (٢٠١٤) 'الفساد الإداري في العراق (الأسباب و المعالجة) .'*مجلة كلية القانون للعلوم القانونية والسياسية*، ٣(١١)، ل ٤٤٣-٥٠٠.

١٨.السعدي علي سعدي عبدالزهرة و الدوري احمد عبدالجبار حميد حميدي (٢٠٢١) 'دور الهيئات المستقلة في مكافحة الفساد في العراق (هيئة النزاهة أنموذجا) .'*مجلة الناقد للدراسات السياسية*، ٥(١)، ل ١١-٤٦.

١٩.فضيل خان و محمد توفيق شعيب (٢٠١٦) 'الفساد الإداري والمالي "المفهوم والأسباب والآثار وسبل العلاج ."'*مجلة الحقوق والحريات*، ٤(٢)، ل ٣٩٣-٤٠٧.

٢٠.قاسم علوان سعيد و سهاد عادل أحمد (٢٠١٤) 'الفساد الإداري والمالي: المفهوم – الأسباب – الآثار – وسائل المكافحة .'*مجلة الدراسات التاريخية والحضارية*، ١(١٨).

٢١.مازن عودة مطرود و علياء حسين عبد علي (٢٠٢١) 'الفساد الاداري والمالي: مفهومه، اشكاله، اسبابه وسبل مكافحته .'*مجلة الباحث*، ٣٩(١)، ل ٩٨-١٢٣.

٢٢.محمد سلمان محمود و هيفاء مزهر الساعدي (٢٠١٧) 'الفساد الاداري في العراق: الاسباب والمعالجات .' *المؤتمر العلمي السنوي الثالث عشر لكلية القانون*، جامعة أهل البيت.

٢٣.مها بهجت يونس (٢٠١٩) 'التنظيم الدستوري والقانوني لأسس مكافحة الفساد في ظل دستور جمهورية العراق ٢٠٠٥'. *Journal of Legal Sciences*، ٣٠(٢)، ل ٢٦٧-٣٦٤.

٢٤.نزيه عبد المقصود محمد مبروك و محمد أحمد عبد النعيم (٢٠٢٤) 'الفساد الإداري – آثاره الاقتصادية وآليات مكافحته .'*مجلة كلية الشريعة والقانون بطنطا*، ٣٩(٢)، ل ٤٩٢-٥٦٩.

٢٥.هند محمود حميد (٢٠١٩) 'الفساد (تعريفه وخصائصه، أسبابه، مظاهره، طرق مكافحته) .'*مجلة العلوم السياسية*، (٥٥)، ل ٣٨٩-٤٠٦.

**ماستەرنامە و تێزی دکتۆرا:**

١.ئەژی ولي رضا (٢٠٢٣) *آليات معالجة الفساد الإداري في العراق وإقليم كوردستان* .رسالة الماجستير، جامعة سوران.

٢.حاجة عبد العالي (٢٠١٣) *الآليات القانونية لمكافحة الفساد الإداري في الجزائر* .أطروحة دكتوراه، جامعة محمد خيضر بسكرة.

٣.دلخواز إسماعيل عزيز (٢٠١٥) *الفساد في العراق بعد عام ٢٠٠٣: هيئة النزاهة بوصفها آلية معالجة* .رسالة الماجستير، جامعة صلاح الدين.

٤.زيره وان فارس خدر (٢٠٢٢) *استراتيجيات المساءلة الإدارية و دورها في تعزيز الثقة التنظيمية* .رسالة ماجستير، جامعة صلاح الدين.

٥.عبد الكريم سعد إبراهيم (٢٠٠٣) *واقع الإجراءات الأمنية المتخذة للحد من جرائم الفساد* .رسالة ماجستير، جامعة نايف العربية للعلوم الأمنية.

٦.فريال مغربي (٢٠١٩) *استراتيجيات مكافحة الفساد من منظور الحكم الراشد: دراسة حالة الجزائر ٢٠٠٦-٢٠١٩* .أطروحة دكتوراه، جامعة بسكرة.

٧.مريوان صابر حمد (٢٠١٢) *تدابير مواءمة التشريع العراقي مع إتفاقية الأمم المتحدة لمكافحة الفساد* .أطروحة الدكتوراه، جامعة صلاح الدين.

٨.موكسى قاسم (٢٠٢٠) *التنظيم القانوني للمراقبة والتغطية الإعلامية ومدى تأثيره على نزاهة وشفافية الانتخابات النيابية* .رسالة الماجستير، جامعة جيهان.

٩.وحيد أحمد عيسى (٢٠١٣) *ديوان الرقابة المالية وهيئة النزاهة ودورهما في مكافحة الفساد في العراق* .رسالة الماجستير، جامعة دهوك.

**سێیەم: سەرچاوە بیانییەکان**

**پەرتووک و ڕاپۆرت:**

1.World Bank (1997) *Helping Countries Combat Corruption: The Role of the World Bank*. Washington, D.C.: The World Bank.

**List of sources**

**First, the rules**

.٤Iraqi Penal Code No. 111 of

.٥Law No. 3 of 2011 on the General Board of Corruption of the Kurdistan Region of Iraq

.٦Law No. (7) of 2014 First Amendment Law on the General Board of Corruption in the Kurdistan Region of Iraq No. (3) of 2011

.٧Law No. 35 of 2007 on Journalism in Kurdistan

.٨Law No. (11) of 2013 on the Right to Access Information in the Kurdistan Region of Iraq

.٩Federal Integrity Commission and Unjust Acquisitions Act, No. 30 of 2011 (as amended)

**Second, national anti-corruption strategies:**

.١National Strategy for Integrity and Fighting Corruption in Iraq (2021-2024(

.٢National Strategy for Combating Corruption in Egypt (2014 – 2018(

.٣National Strategy to Fight Corruption in the Kurdistan Region (2017–2021(

.٤National Strategy to Fight Corruption in the Kurdistan Region (2021–2025(

**Third: Kurdish sources**

**Book:**

.١Bland Dilêr Shaweis (2023) Corruption and the Future of the Kurdistan Region. First edition, Sulaimani: Karo Printing House.

.٢Hamid Haji Qadir (2012) Corruption. First edition, Sulaimani: Academy of Cadre Awareness and Training.

.٣Ali Karadaghi (2011) Development and Corruption. Translated by: Tariq Najib. First edition, Erbil: Chawarchra.

.٤Omar Abdullah Golpi (2014) Corruption. First edition, Sulaimani: Sardam.

.٥Gaylan Abbas (2021) Corruption in Iraq and the Kurdistan Region. Sulaimani: Gorran Movement Research Chamber.

**Second, the Arabic sources**

**Book:**

.١Ahmed Mahmoud Nahar Abu Suwailm (2010) Fighting Corruption. First edition, Jordan: Dar al-Fakr Publishers and Muza'oon.

.٢Ahmad Sami Marhoun Al-Mamouri (2022) Administrative Corruption in Iraq. First edition, Najaf: Rafdin Dialogue Center.

.٣Al-Mahmoud Mohammed Mu'abrah (2011) Administrative Corruption and its Treatment in Islamic Sharia. First edition, Oman: Dar al-Thaqafa.

.٤Sardar Kaka Amin Ako (2016) Competition and Administrative Inspection. First edition, Lebanon: Al-Mossasah Al-Haditha.

.٥Samuel Huntington (2017) The Political System in Changing Societies. Translation: Hossam Nail. First Edition, Beirut: Dar Al-Tanwir for Printing and Publishing.

.٦Ali Abdulmutallab Sadiq (2024) Policies and the manifestation of corruption in post-general Iraq

.٧Ali, Haider Talib, Rahim Hassan al-Akeili and Bilal Abdul Hay Ali (2021) Introduction to Integrity and Fighting Corruption in Iraqi Legislation and International Agreements. First edition, Baghdad: Al-Byan Center for Studies and Planning.

.٨Mohammed Shahab Mohammed Amin (2019) The Role of Parliamentary Competition in the Scheduling of the Executive Power. First edition, Alexandria: University of Hadith.

.٩Huda Ali Al-Imad (2024) The Role of Quality in Fighting Corruption in Sharia and Law.
.١٠ جمال محمد معاطى موافى (٢٠١٩) Fighting Administrative Corruption Between Islamic Sharia and State Laws. First edition, Egypt: Dar al-Kitab wa al-Drasat al-Arabiya
Papers (lectures and conferences:(
.١Shrihan Mamdouh Hassan Ahmad (2018) 'Efforts to Combat Administrative and Financial Corruption in the Kingdom of Saudi Arabia "A Comparative Study"' Legal Journal, 4(4.(
.٢Ibrahim al-Khatri (2021) 'Administrative Corruption - The Head of Corruption' Journal of Scientific Readings, (35), pp. 321-3
.٣Nizar Abdul Amir Turki Al-Ghanimi and Hamad Jassim Mohammed Al-Khazraj (2017) 'Financial and Administrative Corruption and its Role in Consolidating the Iraqi Economy' Thirteenth Annual Scientific Conference of the Faculty of Law, Baghdad University.
.٤Ayman Thabit Abdul Rabiei (2019) 'The Appearance of Corruption' Legal Journal, 6(2), pp. 188-2
.٥Ahmad Abdul Hassan Ibrahimi and Hassan Tahir Bariber (2023) 'Responsible Leadership and Its Effect on the Success of Strategies to Fight Administrative Corruption' Tikrit Journal of Administrative and Economic Sciences, 19 (Special Issue.(
.٦Bin Yeshu Fathi and Bin Issa Amina (2023) 'Analytical Reading of International Indicators in Measuring Financial and Administrative Corruption' Magazine..., 22(1), pp. 58-6
.٧Bashair Ghanam Al-Dikan (2020) 'Methodology for Combating Administrative Corruption in Kuwaiti Legislation and Judiciary' Journal of the Spirit of Law, 32(92), pp. 611-6
.٨Balqis Mohammed Jawad and Salah Hassan Hamoud (2022) 'Types of Corruption and Its Relationship to Democracy and the World' Journal of Islamic University, 69(1), pp. 357-3
.٩Bilbal Hasnawi and Ziauddin Zawa (2019) 'Causes of Administrative and Financial Corruption and Strategies to Combat It' Journal of Management and Economics Research, 1(2), pp. 28-4
.١٠Jawad Reza Razouqi Al-Sabah (2018) 'The Competitive Role of the Iraqi Parliament in Fighting Corruption' Journal of Studies in History and Archaeology, (65), pp. 119-1
.١١Rahima Younis and Al-Sharf Saleh Shaqlov (2024) 'The Role of Civil Society Organizations in Fighting Corruption' Al-Haq Journal of Shari'ah and Legal Sciences, (13), pp. 151-1
.١٢Sanaa Mohammed Sadhan (2020) 'Coordination Tools between the Supreme Council to Fight Corruption and the Opposition in Iraq' ..., 4(3), pp. 114-137.
.١٣Sahi Mohammed Mohammed Mustafa Suli (2017) 'Administrative Corruption in Government Systems' Scientific Journal of Business and Environmental Studies, 8(3), pp. 813-8
.١٤Adel bin Ahmed Al-Shalfan (2021) 'The Role of Government and Transparency in Limiting Administrative Corruption' Arab Journal of Management, 41(2), pp. 117-140.
.١٥Abdul Haq Tair, Aqba Rimi and Bul Rabah Gharib (2019) 'The Impact of Corruption on the Attractiveness of the Arab State for Foreign Direct Investment' Journal of Economic Outlook, 9(2), pp. 107-1
.١٦Othman Taluti (2021) 'The Conceptual Framework for the Appearance of Corruption' Journal of Humanities and Social Sciences, 2(3), pp. 224-2
.١٧Adnan Qadir Arif Al-Zankana (2014) 'Administrative Corruption in Iraq (Causes and Treatment)' Faculty of Law Journal of Legal and Political Sciences, 3(11), pp. 443-5

.١٨Al-Saadi Ali Saadi Abdul Zahra and Al-Dawri Ahmad Abdul Jabbar Hamid Hamidi (2021) 'The Role of Independent Bodies in Fighting Corruption in Iraq (Integrity Body Model)' Critical Journal of Political Studies, 5(1), pp. 11-4
.١٩Fazil Khan and Mohammad Tawfiq Shoaib (2016) 'Administrative and Financial Corruption "Concept, Causes, Effects and Treatment"'. Journal of Rights and Freedoms, 4(2), pp. 393-4
.٢٠Qasim Alwan Saeed and Sahad Adel Ahmad (2014) 'Administrative and Financial Corruption: Concept - Causes - Effects - Means of Combating' Journal of Historical and Civilizational Studies, 1(18.(
.٢١Mazen Ouda Matroud and Alia Hussein Abdul Ali (2021) 'Administrative and Financial Corruption: Concept, Problem, Causes and Ways of Combating It' Journal of Discussion, 39(1), pp. 98-1
.٢٢Mohammed Salman Mahmoud and Haifa Mazhar Al-Saadi (2017) 'Administrative Corruption in Iraq: Causes and Treatments' Thirteenth Annual Scientific Conference of the Faculty of Law, Ahl al-Bayt University.
.٢٣Maha Bahjat Younis (2019) 'Constitutional and Legal Regulations for the Fight against Corruption in the Constitution of the Republic of Iraq Journal of Legal Sciences, 30(2), pp. 267-364.
.٢٤Nziya Abdul Maqsood Mohammed Mabrouk and Mohammed Ahmed Abdul Naeem (2024) 'Administrative Corruption - Economic Effects and Tools to Combat It' Journal of the Faculty of Shari'ah and Law Batnata, 39(2), pp. 492-5
.٢٥Hind Mahmoud Hamid (2019) 'Corruption (Definition and Characteristics, Causes, Demonstrations, Methods of Combating It)' Journal of Political Science, (55), pp. 389-4

Master's and PhD theses:
.١Azhi Wali Reza (2023) Tools for Treating Administrative Corruption in Iraq and Kurdistan Region. Master's thesis, Soran University.
.٢Haja Abdel Ali (2013) Legal Tools for Combating Administrative Corruption in Algeria. Doctorate, Mohammed Khaider Baskara University.
.٣Dilkhwaz Ismail Aziz (2015) Corruption in Iraq after General 2003: The Intelligence Commission for its Treatment. Master's thesis, Salahuddin University.
.٤Zirewan Fars Khadr (2022) Strategies of Administrative Issues and Their Role in Enhancing Organizational Trust. Master's thesis, Salahuddin University.
.٥Abdulkarim Saad Ibrahim (2003) The reality of security measures to prevent corruption crimes. Master's thesis, Arabian Naif University of Security Sciences.
.٦Faryal Maghrebi (2019) Strategies for Fighting Corruption from the Perspective of Just Governance: A Case Study of Algeria 2006-2 Atroha Ph.D., Basra University.
.٧Mariwan Saber Hamad (2012) Iraqi Legislative Reform Measures with the United Nations Coalition to Fight Corruption. Doctoral Degree, Salahuddin University.
.٨Muksi Qasim (2020) Legal Regulation for Media Monitoring and Promotion and its Impact on the Integrity and Transparency of Local Elections. Master's thesis, World University.
.٩Wahid Ahmad Issa (2013) Financial Competition Bureau and the Integrity Commission and their Role in Fighting Corruption in Iraq. Master's thesis, Duhok University.

**Third, foreign sources**

**Books and Reports:**

.١World Bank (1997) Helping Countries Combat Corruption: The Role of the World Bank. Washington, D.C.: The World Bank..

مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٥ المجلد ١٥/ العدد ٦